
چۆنیەتی شاردنەوەی فۆڵدەر 2



مێژووی کۆمپانیای نۆکیا 3

دروستکردنی فۆڵدەری con لە ویندۆز 3

هەنگاوێك بۆ خێراكردنی ئینتەرنێت 4



www.c4kurd.com

# سی فۆر کورد

C4kurd
A weekly Publication on Information Technology
No. (9) First Year
Tuesday Jan. 29 2008

(٩) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە


www.c4kurd.com

سـایتی سـی فۆر کورد هەمیشە پێشـەنگە بۆ بابەتی زانسـتی کۆمپیوتـەرو ئینتەرنێت. بەسـەردانکردنی سودمەند دەبێت لە:
وانـەی فێربون، بەرنامەی تازە ، فێربونی فۆتۆشـۆپ، هەواڵـی نـوێ، ئەنتـی ڤایرۆسـی بەهێـز، فێربونی دروستکردنی سایتی ئینتەرنێت...


هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان — دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (9) ساڵی یەکەم سێ شەممە 29-01-2008


# چۆنیەتی کڕینی لاپتۆپێك کە بۆ کارەکانمان گونجاوە

لاپـــەڕە ٢

## ئەی ئێم دی ١,٧٧ ملیار دۆلار قازانجی دەبێت لە چارەکی کۆتایی پارساڵ

کۆمپانیای ئـەی ئێم دی ئـەمریکـی بۆ بەرهەمێنانی پرۆسێسەر ئاشکرایکرد کەوا لەماوەی چارەکی کۆتایی پارساڵ قازانجی باشی کردوە کە بە 1.77 ملیار دۆلار دەخەملێنرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو 576 ملیۆن دۆلارە زیانەی کە لە ساڵی 2006 لێیکەوت.

ئـەمـەو کۆمپانیای ناوبراو بەشێکی ئـەم زیانەی بۆ کڕینی کۆمپانیای ئەی تی ئای گەڕاندەوە کە بە بڕی 5.6 ملیار دۆلار کڕیبووی بە بەراورد لەگەڵ ئەو 1.63ملیار دۆلار قازانجەی کە دەستی کەوتووە لەو ماوەدا.



دەستهاتی کۆمپانیای ئەی ئێم دی لەماوەی چارەکی کۆتایی پارساڵ بە ڕێژەی 9% بوو زیادیکرد تا گەیشتە 1.77 ملیار دۆلار بە بەراورد لەگەڵ ئەو 1.63 ملیار دۆلارەی کە دەستی کەوت لەهەمان ماوە لە ساڵی 2006. جێی گوتنە کە کۆمپانیای ئەی ئێم دی دووەمین کۆمپانیای بەرهەمێنی پرۆسێسەرە لە جیهاندا، مانگی ڕابردوو ئەوەی ڕونکردەوە کە بڕیاریداوە بەرهەمە نوێیەکانی دوابخات چونکە ئەو دواخستنە یارمەتیدەرە لەوەی کە قازانجی زیاتر وەدەست بێنیت.

## ڕێژەی فرۆشتنی کۆمپیوتەری دێل لە جیهاندا بەرز دەبێتەوە



فرۆشتنی بەرهەمەکانی کۆمپانیای دێلی ئەمریکی کە دوهەمین کۆمپانیایە بۆ دروستکردنی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ لە زیاد بوندا بوو. لە کۆتایی ساڵی رابردوو بە ڕێژەی ١٥ لەسەداو کە ئەویش وای کرد کۆمپانیای ناوبراو ڕێژەی بەرهەمەکانی بۆ لەسەدا ١٦ بەرز بکاتەوە.

هەروەها کۆمپانیای ئەی دی سی ئەمریکی کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی ئیشی بازار لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر دێل ڕایگەیاند کە ئەم کۆمپانیایە ١١ ملیۆن کۆمپیوتەری دیسکتۆپی لە کۆتایی ساڵی رابردو خستۆتە بازارەوە. کە دەکاتە لە سەدا ١٤ ی بازاری فرۆشتنی کۆمپیوتەر لە جیهاندا.

پسپۆرانی تەکنەلۆجیا ئەو زیاد بونە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە کۆمپانیاکە سیاسەتێکی تازەی بەکارهێناوە بۆ فرۆشتنی ئامێرەکانیان، ئەویش بریتیە لە فرۆشتنی بەشەکانی کۆمپیوتەر بە جیا نەك بە کۆمپیوتەری بەستراو. واتە پارچەکانی کۆمپیوتەر وەکو رام و هارد و شاشەو.. بە جیا دەخاتە بازاڕەوە، چونکە زیانێکی زۆری لەساڵی ٢٠٠٦ کرد کە کۆمپیوتەرەکانی بە شێوەی ئامادەکراو دەفرۆشت و پلەی یەکەمی لە دەست چوو بۆ فرۆشتنی کۆمپیوتەر لە جیهاندا.

## چین بوو بە یەکەم وڵات لە زۆری ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت



دوای ئەوەی ژمارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ولاتی چیندا بوە زیاتر لە ٢١٠ ملیۆن کەس توانی بە جیاوازی پێنج ملیۆن کەس پێشی ئەمریکا بداتەوەو ببێتە یەکەم وڵات لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

لێکۆڵەروانی چینی دەڵێن لە ساڵی رابردودا ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەو وڵاتە بە ڕێژەی ٥٣٪ زیادی کردوە کە پێشتر ١٣٧ ملیۆن بوەو ئێستاو لە ماوەی یەکساڵدا بوە بە ٢١٠ ملیۆن بەکارهێنەر.

لەگەڵ ئەم زۆر بەکارهێنانەی ئینتەرنێت لەو وڵاتە بەڵام بێ کێشە نیە و زۆرێك لە هاوڵاتیەکانی بە شێوەیەکی زۆر ئالودە بوون بە ئینتەرنێتەوە بە تایبەتی ئەوکەسانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە، کە لە جیاتی بەسەربردنی پشوی هاوین لە گەشتوگوزار زۆربەیان لە ماڵەوە لەسەر ئینتەرنێت دەبن.

## کامێرایەکی ١٦٠ مێگا پیکسڵی



کۆمپانیای Seitz ی سویسری بەهێزترین کامێرای دروستکرد لە روونی وێنەگرتن کە دەگاتە 160 میگا پیکسڵ.

کۆمپانیای ناوبراو ئەوەی روونکردەوە کە ئەگەر بەم کامێرایەو بە دقەی 160 مێگا پیکسڵ وێنە بگریت ئەوە درێژی و پانی وێنەکەدا دەگاتە 7500×21250 کە ئەمەش یەکەمجارە بە شێوەیەکی وا گەورە بتوانرێت وێنە بگیرێت.

هەروەها هەمان کۆمپانیا ئەوەشی راگەیاند کە نرخی ئەم کامێرایە نزیك دەبێتەوە لە 44 هەزار دۆلاری ئەمریکی.

## شاشەیەک توانای لول کردنی هەیە

کۆمپانیای Polymer Vision کە بەشێکە لە کۆمپانیای بەناوبانگی Philips، هەستاوە بە دروستکردنی ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بۆ خوێندنەوەی کتێب، کە جیاوازیەکەی لەگەڵ ئەوانی تر ئەوەیە دەتوانیت ئامێرەکە بپێچیتەوە و بە ئاسانی بیخەیتە ناو جانتاکەتەوە. واتە شاشەکەی توانای لول کردنی هەیە.

کۆمپانیای ناوبراو ئەوەی روونکردەوە کە ئەم ئامێرەی کە بە تەمایە ئەم ساڵ بیخاتە بازارەوە تەنها بۆ کتێب خوێندنەوە نیە بەڵکو لە هەمان کاتیشدا مۆبایلە لە جۆری نەوەی سێهەم و شاشەکەی قەبارەکەی ١٥ ئینجە.




کۆمپانیاکە ئەم ئامێرەی ناو ناوە READIUS و تا ئێستا دەری نەخستوە کە بە تەمایە نرخی چەندی لەسەر دابنێت. بەڵام بێگومان ئەمە شۆڕشێك دەبێت لە بواری دروستکردنی شاشەیەکی مەتاتی و بەکارهێنانی لە زۆربەی بوارەکانی ئەلیکترۆنی.

## لەیەک کاتدا ٣٦ هەزار مۆبایلی دەدزرێت

کۆمپانیای بەناوبانگی دروستکردنی مۆبایل لە ئەمریکا T-Mobile ئەوەی راگەیاند کە لە یەك کاتدا ٣٦ هەزار مۆبایلی دیار نەماوەو دزراوە.

کۆمپانیای ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە نرخی ئەو ٣٦ هەزار مۆبایلە نرخەکەی زیاتر لە هەشت ملیۆن دۆلارە و بە گەورەترین دزی دادەنرێت لە بواری مۆبایلدا.

لەگەڵ ئەوەشدا رایانگەیاند کە ئەو جۆرە مۆبایلە دزراوە ناوی SideKick و لەو بڕوایەدا نین لە ناو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بفرۆشرێتەوە بەڵکو بەرەو وڵاتەکانی تر دەڕوات و لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشرێت چونکە هەموو سیریەڵەکانی لەناو ئەمریکا بڵاو کراوەتەوەو بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە.

## هەڵەیەکی گەورە لە ئەکسڵەکانی پێش ٢٠٠٧

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئاگاداری بەکارهێنەرەکانی کردەوە کە هۆڵێکی زۆر گەورە هەیە لە ئەکسڵدا کە هاکەرزەکان لە ئۆفیسەکانی پێشوو بەتایبەت ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ دۆزیویانەتەوەو بە هۆیەوە دەتوانن دەست بەسەر کۆمپیوتەرەکانی ئەو کەسانەوە بگرن کە بەکارهێنەری ئەو جۆرە ئۆفیسانەن.

مایکرۆسۆفت لە هەوڵی دەست کەوتنی زانیاریدایە لە بارەی ئەو هاکەرزانەی ئەو کارانەیان کردوەو بەڵام هەتا ئێستا بە فەرمی هیچ ئەنجامێك لە لایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە بڵاو نەکراوەتەوە.

لەهەمان کاتدا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت رایگەیاندوە کە ئەکسڵی ٢٠٠٧ دوورە لەو هەڵەیەیە کە لەوانەی تردا هەبون و دەتوانن بێ خەم بەکاری بهێنن.

## هەفتەنامەی سی فۆر کورد وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانتانە

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەینەوە کە لە لاپەڕەی 7 بەشی پرسیارو وەڵاممان هەیە دەتوانن ئێوە پرسیار بکەن و ئێمەش وەڵامتان بدەینەوە. بەم ئیمەیڵە بۆمان بنێرن

np@c4kurd.com

## دوو جۆری تازەی مۆبایلی نۆکیا




دوای هاتنە خوارەوە بازاڕی فرۆشتنی مۆبایلی نۆکیا لە ساڵی رابردوو کۆمپانیای ناوبراو هەستا بە نەخشەدانان بۆ دروست کردنی 12 جۆری نوێ لە مۆبایلەکانی. بەڵام ئەمجارە دوور لە تەکنیکی تازەو نرخی گران. بەڵکو هەوڵ دەدات بە نرخێکی هەرزان و بە کەمترین تایبەتمەندی مۆبایلەکانی بخاتە بازارەوە تاکو بتوانێت ئاستی فرۆشتنی ئامێرەکانی بەرز بکاتەوە و دەرکردنی جۆرەکانی N90 تا N95 کە بە نرخێکی زۆر بەرز دەفرۆشرێت لە بازارداو تەنها کەسانێك ئاستی مادیان بەرز بێت دەتوانن بیکڕن.

هەر بۆ ئەم مەبەستە دوو جۆری تازەی دەرکردوە کە یەکەمیان ناوی نۆکیای 2600 ی کلاسیکی کە تەنها رادیۆو خوێندنەوەی ئێم پی سری و کامێرایەکی لەگەڵە و بە تەمایە لە سێ مانگی ئەمساڵ بیخاتە بازارەوە بە نرخی 95 دۆلار.

جۆری دوهەم نۆکیای 1209 ەو زیاتر لە 80 زمانی تێدایەو بە تەمایە تا مانگی شەشی ئەمساڵ بکەوێتە بازارەوە بە نرخی 51 دۆلار.

## سامسونگ ئامێرێکی نمونەیی دروست دەکات



کۆمپانیای سامسونگی کۆری هەستاوە بە دروستکردنی ئامێرێکی بچوك بە ناوی YP-S5 کە چەندین کار لە یەك کاتدا بۆ دەکات. لەوانە بلوتوسی هەیە بۆ گواستنەوەی فایل. میمۆریەکەی تا لە 4 گێگا بۆ 8 گێگا دەڕوات و دەشتوانێت دەنگ و ڕەنگیش بخوێنێتەوەو رادیۆی ئێف ئێمیش وەردەگرێت.

www.c4kurd.com

# ڕێبەری چۆنیەتی کڕینی لاپتۆپێك کە بۆ کارەکانمان گونجاوە

هێمن فاتح

■ لەم دوو ساڵەی رابردوو کڕین و فرۆشتنی لاپتۆپ بە تەواوەتی برەوی سەندووە بە شێوەیەك کەم کەس ڕوو لە کڕینی کۆمپیوتەری دیسکتۆپ دەکات. ئەویش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان ئاسان بەکارهێنان و گواستنەوەی بۆ هەموو شوێنێك و بەکارهێنانی پاتریەکەی لەکاتی نەبونی کارەبادایە.

لەبەر ئەوەش ئەو جۆرە لاپتۆپانەی ئێستا هەن خێراییان زۆرەو دەتوانن هەمان کاری کۆمپیوتەری دیسکتۆپ بکەن لەکاتی بەکارهێنانی بەرنامە قورسەکانی وەکو ئۆتۆکاد و فۆتۆشۆپ و سریدی ماکسدا..


بەڵام ڕەنگە لێرەدا و لەوکاتەی دەمانەوێت بچینە بازاڕ بۆ کڕینی لاپتۆپێك و بینینی ئەو هەموو جۆرەو ئەو هەموو جیاوازیە لە مواسەفات و نرخدا پرسیارێکمان بۆ دروست بکات، ئەویش ئەوەیە کە ئایا چ لاپتۆپێك باشە بیکڕم؟؟! لێرەدا ئێمە بە کورتی ڕوونی دەکەینەوە بە پێی ئەو ئیشانەی کە هەمانە چ جۆرە لاپتۆپێك باشە؟!..

سەرەتا باس لەو جۆرە لاپتۆپانە دەکەین کە ئێستا لە بازاڕدا هەیە و هەریەکەیان بۆ چ جۆرە کارێك باشە. با ئێمە لە جۆرو مارکەی لاپتۆپەکانەوە دەست پی بکەین.

ئەوەی ئێستا لە بازار هەیە جۆرەکانی ئێچ پی و توشیباو دیڵ و ئەیسەرو ڤایۆ (سۆنی) و ئای بی ئێم و چەند جۆرێکی تر..

ئەگەر سەیری بکەین جۆری دیڵ زۆرەو هەندێك کۆمپانیاش بە شێوەی قیست دەیدات. بەڵام نرخی دیڵ تا ڕادەیەك هەرزانترە لە جۆری لاپتۆپەکانی تر و زۆر کەسیش دەڵێن ئەم جۆرەی لێرە هەن خێراییەکانی ناگاتە خێرایی لاپتۆپەکانی تر. بەڵام ئەو جۆرانەی نرخیان نزیکە لە 600 دۆلار ئەوە سلیرۆنەو بۆ ئەو کەسانە باشە کە کاریان بە لاپتۆپەکە ئەوەیە نوسینی تێدا بنوسن و ئینتەرنێتی تێدا بەکاربهێنن. بەڵام بۆ کاری فۆتۆشۆپ ڕەنگە کەمێك ماندووی بکات. چونکە هەر لاپتۆپێك بۆ کاری فۆتۆشۆپ و هەندێکی تر لە بەرنامە قورسەکان بەکاربهێنیت ئەوە پێویستە رامەکەت لە 1 گێگا کەمتر نەبێت.

بەڵام جۆرەکانی تری وەکو ئێچ پی نرخیان باشەو جۆری پاڤلیۆن باشترە لە جۆری ئێچ پی کۆمپاك، مەبەستمان لە باشتر ئەوەیە کە بۆ کاری قورس




ئەوەی یەکەمیان باشترەو خۆراگرترە، بێگومان نرخەکەشی گرانترە.

جۆری تۆشیبا نرخەکەی کەمێك گرانترە بەڵام ئەویش ڕەنگە لە شێوەیدا نەتوانێت وەکو ئێچ پی دیکۆری جوان بێت ئەگین کارو باشی بەشەکانی گومانی تێدا نیە.

جۆری ئەیسەر نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بازار بکات و زۆر لەو ئاستە نیە کە بتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ ئەوانی تر بکات. بۆیە کەمتر خۆتی لێ بدە.

جۆرەکانی ڤایۆ سۆنی و ئای بی ئێم زۆر باشن و باریکترن بەڵام نرخەکەیان زۆر زۆرترە لە جۆرەکانی تر. بۆیە بۆ کەسانێك باشە کە بتوانێت پارەیەکی زۆر بدات بە لاپتۆپ.

ئەمە جۆرەکانیان. بەڵام ئەگەر ئێمە زیاتر وردیان بکەینەوە و هەر پارچەیەکی بە جیا باس بکەین بزانین چ کارێکمان بۆ دەکات.

سەرەتا باسی قەبارەی شاشەی لاپتۆپەکە دەکەین کە ئەویش کاریگەری زۆرە لەسەر نرخی لاپتۆپەکە. ئێستا شاشەی 13 ئینج تا 17 ئینج لەبازاردا هەیە. ئەوەی کاری نەخشەسازی بە لاپتۆپەکەی ناکات دەتوانێت شاشەی 14 و 13 بکڕێت کە لاپتۆپێکی بچوك و باشی دەست دەکەوێت بەڵام نرخیشی تۆزێك بەرزترە. ئەم جۆرە شاشانە بۆ ئەو کەسانە باشە کە زۆر هاتوچۆ دەکەن و کەمتر لە شوێنێك کاری پێ دەکەن و کارەکەشیان تەنها حساباتێکی کەم و بەکارهێنانی ئینتەرنێتە بە کەمی. بەڵام جۆری قەبارە 15 زیاتر لە بازاردا دەڕوات چونکە لە هەمان کاتدا شێوەیەکی نە زۆر گەورەیە نە زۆریش بچوك و لە هەمان کاتدا کاری نەخشەسازی و بەشەکانی تری پێ دەکرێت. بەڵام هەرچی شاشەی 17 ئینجە ئەوە بۆ کەسێك باشە زیاتر لە ئۆفیسی خۆی بێت و کاری نەخشەسازی و ئۆتۆکاد زۆر بکات. بەڵام بۆ گواستنەوەو هاتوچۆ پێکردنی کارێکی قورسەو قەبارەو کێشی زۆر زۆرە. جگە لەمانەش نرخیان زۆرە.

ئەمە بۆ قەبارەی شاشەکە، بەڵام شتێکی تر کە ئەویش کاریگەری زۆر هەیە چ لە کاتی کارکردنی لاپتۆپەکە یاخود لە نرخی لاپتۆپەکەت ئەگەر هەر جۆرە مارکەیەك بێت ئەویش رامەکەیەتی.

رام کاریگەری زۆری هەیە لەسەر خێرایی لاپتۆپەکەت. هەوڵ بدە ئەگەر لاپتۆپێك دەکڕێت بۆ کاری ئۆتۆکادو فۆتۆشۆپ بەکاری دەهێنیت ئەوا با رامەکەت لە یەك گێگا کەمتر نەبێت. بەڵام ئەگەر کاری تۆ بە لاپتۆپەکە تەنها نوسین و ئینتەرنێت و هەندێك جاری کەمیش فۆتۆشۆپ ئەوە ئاساییە ئەگەر رامەکەشت 512 بێت بەڵام ئاگادار بە چەند رامەکەت زیاتر بێت ئەوەندە لاپتۆپەکەت خێراتر دەبێت. ئاگاداریش بە هەتا بکرێت رامەکەت DDRAM2 بێت.

بەڵام تێبینیەك کە ئاگاداری بە هەوڵ مەدە ئەگەر خۆی رامەکەی کەم بوو خۆت رامی بۆ بکڕیت و بۆی زیاد بکەین بەڵکو با هەر رامی تایبەتی خۆی لەسەر بێت.

دوای رام دەتوانیت بڵێین جۆری پرۆسیسەری لاپتۆپەکەت گرنگە. ئەوەی ئێستا لە بازاردا هاتوە Core 2 Duo و ئاگادار بە جیای بکەرەوە لەگەڵ Core Duo کە ئەوەی یەکەمیان خێراییەکەی زۆر زیاترە لەوەی دوهەم. ئەگەر بکرێت هەوڵ بدە بۆ هەرکارێك لاپتۆپەکە بەکاردەهێنی با خێراییەکەی لە 1.8 کەمتر نەبێت. و هەوڵیش بدە با جۆری پرۆسێسەرت ئەنتڵ بێت نەك ئەی ئێم دی چونکە ئەنتڵ خێراترەو زیاتر مەرغوبترە لەم وڵاتەی خۆماندا. ئەگەر کاری قورسی پێ دەکەیت ئەوا با Core 2 Duo بێت و خێراییەکەشی لە 2 گێگا کەمتر نەبێت. بەڵام وەکو لەسەرتاوە باسمان کرد ئەگەر لاپتۆپەکەت تەنها بۆ نوسین و ئینتەرنێت بێت ئەوا ئاساییە سلیرۆن بێت نەك Core 2 Duo و جۆرەکانی تر بێت چونکە نرخەکانیان لە 1000 دۆلار زیاترە.

هاردیش کاریگەری خۆی هەیە. بێگومان زۆری و کەمی هارد کاریگەری هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە وێنەو گۆرانی زۆر لە ناو لاپتۆپەکانیان دادەنێن. ئەگەر هاردەکەت بۆ نوسین و فایلی ئینتەرنێت بەکاربهێنی ئەوا 80 گێگاش بێت هەر زۆرە.

بەڵام ئەو کەسانەی کە وێنەیان زۆرەو گۆرانی لە ناو لاپتۆپ دادەنێن هەوڵ بدەن هاردەکانیان لە 100 گێگا کەمتر نەبێت. ئەگەریش 160 گێگا بێت ئەوە هەر باشترە وەکو پەندی کوردی دەڵێت ماڵی زیادە سەر ناشکێنێت.

چەندیش دەکرێت هەوڵ بدە لاپتۆپەکەت بۆ هەر کارێك بەکاردەهێنیت با هاردەکەت لە جۆری (ساتا) بێت نەك نۆرمەڵ چونکە ساتا زۆر خێراترو بێ کێشەترە.

ئەو شتانەی تر کە ماونەتەوە زۆر بە شێوەی ئەمانی پێشو گرنگ نیە کە ئەمانەن:

هەوڵ بدە کارتی شاشەکەت لە 128 میگا کەمتر نەبێت و کارتی شاشە کاریگەری هەیە لە جوانی دەرخستنی وێنەکان و فلیم و لەگەڵ یاری کردن بە کۆمپیوتەرەکەت. یاخود بۆ ئەو کەسانەی ئۆتۆکادو سریدی بەکاردەهێنن پێویستیان بە کارتی شاشەی بەرزتر هەیە لە 128 میگا.

بونی بلوتوس کاریگەری خۆی هەیە و زۆر بە ئاسانی دەتوانی بە هۆیەوە فایلەکانت لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ ئەوەی خۆت بگوازیتەوە یاخود لە مۆبایلەکەتەوە بۆ لاپتۆپەکەت.

هەروەها بونی لانکارتی وایەرلێس گرنگە بۆ ئەوکاتەی لە شوێنێکی وەکو شیراتۆن و سلێمانی پالاسی دەتوانیت بە هۆیەوە ئینتەرنێت لە ناو لاپتۆپەکەی خۆت بکەیتەوە.

ئەوەی کە باسمان کرد دەمان گەیەنێتە ئەنجامێك ئەو کەسانەی کە کاری قورس بە لاپتۆپ ناکەن ئەوە دەتوانن لاپتۆپێکی سلیرۆنی جۆری دیڵ یان ئێچ پی بکڕن و کاری نوسین و ئینتەرنێتی و هەندێك جاریش کاری سوکی فۆتۆشۆپی پێ بکەن. کە نرخەکەی لە 600 دۆلار تێ ناپەڕێت بە تازەیی.

ئەوانەش کە کاری قورس دەکەن و ئیشیان زۆر بە لاپتۆپە ئەوا جۆرەکانی ئێچ پی پاڤلیۆن و تۆشیبا رامی 1 گێگا و خێرایی 2 گێگا و هاردیان لە 100 گێگا کەمتر نەبێت و شاشەشیان لە جۆری 15 بێت باشەو نرخەکەشی نزیکەی 1000 تا 1200 دۆلارە.

ئەوانەشی کە پارەیان هەیەو حەزیان لە شتی جوان و ناسك و لەگەڵ ئەوەش باش بێت ئەوە دەتوانن جۆری سۆنی و ئای بی ئێم بکڕن و کارەکانی خۆیانی پێ بکەن.

# بەرنامەیەك بۆ گۆڕینی ڤیدیۆ بۆ ناو مۆبایل

■ بۆ ئەوەی ڤیدیۆیەکی ناو کۆمپیوتەرەکەمان وا لێ بکەین کە لە ناو مۆبایلەکەماندا بخوێندرێتەوە ئەوا دەبێت شێوەکەی بگۆڕین تاکو لە ناو مۆبایلدا بنماسرێتەوە، جگە لەوەی دەبێت قەبارەکەشی بچوك بکەینەوە بۆ ئەوەی شوێنی زۆر نەگرێت.

بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەکی باش و سوك هەیە کە ناوی iWellsoft 3GP Video Converter و بە هۆیەوە دەتوانیت زۆر بە ئاسانی گۆڕانکاریەکە بکەیت.


سەرەتا لەم لینکەی خوارەوە بەرنامەکە داونلۆد بکە:
www.c4kurd.com/pro/3gp.zip

دوای داونلۆدی بەرنامەکە سێت ئەپی بکەو بۆ خۆت تەرتیبی بکە.
دوای ئەوە لەسەر دیسك تۆپ شۆرت کەتەکەی دیارەو بیکەرەوە.
دوای کردنەوەی بەرنامە ئەم روکارە دەردەکەوێت:




لێرەدا سەرەتا سێ بەشمان هەیە کە ژمارەمان لەسەر داناوە لە وێنەکەدا. بەشی یەکەم مەبەست لێی دەتوانیت جۆری گۆڕانکاریەکە دەستنیشان بکەیت، لێرەدا ئێمە هەر جۆری 3gp هەڵدەبژێرین کە ئەمەیان بۆ زۆربەی مۆبایلەکان دەشێت. دوهەمیان کوالیتی واتە سافی و باشی ڤیدیۆ گۆڕاوەکەمان بۆ دەستنیشان دەکات و بێگومان چەند کوالیتی باش بێت ئەوەندە قەبارەی ڤیدیۆکە زیاتر دەبێت. ئێستا خۆی لەسەر نۆرمەڵەو جگە لەوەش جۆری سوپەر کوالیتی لە خوارەوە باشترین و سافترینی گۆڕینەکەیەتی. بەشی سێهەم مەبەست لێی دەستنیشان کردنی فۆڵدەرێك بۆ ئەوەی ئەو ڤیدیۆیەی کە دروستت کردوە لە شوێنێك سەیف بێت. خۆی فۆڵدەرێکی دەستنیشان کردوە بەڵام بە کلیك کردن لەسەر ئەو فۆڵدەرە کراوەیەی لای دەستە راستی دەتوانیت شوێنی سەیڤ کردنەکە بگۆڕێت و بۆ نمونە بیکەیتە مای دۆکومێنت.

بەهەرحاڵ ئێستا ئێمە دەمانەوێت ئەو فایلە ڤیدیۆیەی کە لە ناو کۆمپیوتەرەکەماندایە بیهێنین و لەم بەرنامەیە بیگۆڕین، بۆ ئەم مەبەستە کلیك لەسەر Open Files بکە کە دەستنیشانمان کردووە ئەم روکارەمان بۆ دەردەچێت:




دوای ئەوەی ئەو فایلەی کە دەمانەوێت دەستنیشانی دەکەین و ئەوکات کلیك لەسەر Open دەکەین فایلەکە دەچێتە ناو بەرنامەکەوەو بەم شێوەیە دەردەکەوێت:





لە وێنەکەدا دیارە کە فایلەکە هاتۆتە ناو بەرنامەکەو بۆ ئەوەی بیگۆڕین بۆ ئەوەی لە مۆبایل کار بکە کلیك لەسەر Convert دەکەین و دەست دەکات بە گۆڕینی شێوەی ڤیدیۆکەو دوای ئەوە کلیك لەو شوێنەی کە سەیڤ بوە هەڵی بگرەو بیکەرە ناو مۆبایلەکەت.

ئەگەر سەیر بکەیت لە ناو وێنەکەی سەرەوە چوارچێوەمان بۆ قەبارەی فایلەکە کردوە کە لە 50 میگا زیاترەو دوای ئەوەی کە دەیگۆڕین ئەوە قەبارەکەی تەنها 600 کیلۆ بایتی دەمێنێتەوە واتە نزیکەی سەد ئەوەندە بچوکی دەکاتەوە. کە ئەمە یارمەتی دەرمانە بۆ چونە ناو مۆبایلەکانمان خوێندنەوەی.

# چۆن فۆڵدەرێك بە بێ بەرنامە دەشاریتەوە؟

■ زۆرجار ئێمە خاوەنی هەندێك زانیاری و فایلین لە ناو کۆمپیوتەرەکەماندا و حەز ناکەین کەس بیدۆزێتەوەو سەیری بکات. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین بە شێوەیەکی زۆر باش فۆڵدەرەکە بشارینەوە بێ بەکارهێنانی بەرنامە.

سەرەتا فۆڵدەرێك دروست بکە بۆ نمونە لەسەر دیسکتۆپ بەناوی kurd و رایت کلیك لەسەری بکەو Rename هەڵبژێرە وەکو چۆن لەم وێنەیەدا دیارە:




دوای ئەوەی کلیکت کرد ئەوە فۆڵدەرەکە حازر دەبێت بۆ گۆڕینی ناوەکەی تۆ لە شوێنی ناوەکە هەمدیس رایت کلیك بکەو وەکو لە وێنەکە دیارە ئەو هەنگاوانە بکە:






دوای ئەو کارە ناوی فۆڵدەرەکە نامێنێت و بە بەتاڵی دەمێنێتەوە. وەکو لەم وێنەیە دادیارە.

دوای ئەوەی فۆڵدەرەکە ناوی نەما ئەوە هەمدیس رایت کلیك لەسەر فۆڵدەرەکە بکەو Proportise ەکەی هەڵبژێرەو سەیر دەکەیت ئەو وێنەیەت بۆ دەردەچێت کە تێیدا کاری شاردنەوەی فۆڵدەرەکە دەکەیت:



لە وێنەکەدا دیارە لە سەرەوەی بەشی Cutomize هەڵدەبژێرین و لەویشدا کلیك دەکەین لەسەر Change Icon و ئەم روکارەی ترمان بۆ دەردەکەوێتکە لە وێنەی کۆتایی دیارە.




سەیر دەکەین لێرەدا یەکێك لەو ئایکۆنانەی کە هەیە شتێکی سپیەو هیچ دەرناکەوێت. جا تۆش ئەوەیان هەڵبژێرەو ئەوکات ئەو فۆڵدەرەت دیار نامێنێت.

بۆ ئەم مەبەستە هەرکاتێك بتەوێت بیدۆزیتەوە کلیك لە شوێنی فۆڵدەرەکە بکە سەیر دەکەیت سەلێکت دەبێت و دەکرێتەوە بە گۆڕینی ئایکۆنەکە وەکو خۆی لێ دێتەوە..

# مێژووی دروستبوون و گەشەسەندنی کۆمپانیای نۆکیا و دامەزرێنەرەکانی

■ کەس نیە ئاشنا نەبێت بە بەرهەمەکانی کۆمپانیای نۆکیا بە تایبەتی لە بواری دروستکردنی مۆبایلدا. هەتا ئێستا لە جیهاندا نۆکیا پلەی یەکەمی هەیە لە فرۆشتن و بەرهەمهێنانی مۆبایلدا. جگە لەوەی مانگانەو هەر ماوەیەك چەندین داهێنانی بەهێز دەکەن لە بواری دروستکردنی مۆبایلدا.

بۆ ئەم مەبەستە زانینی چۆنیەتی دروستبون و دەست بەکاربونی ئەم کۆمپانیا گەورەو بەناوبانگە جێگەی بایەخە کە چۆن توانیویەتی بگاتە ئەم ئاستە کە بەرهەمەکانی لە هەموو جیهان دەفرۆشرێت و ناوبانگی هەیە.

سەرەتا کەسێك بەناوی ئەندازیار فریدیك کە خەڵکی وڵاتی فللەندا بوو لە ساڵی 1865 دەستی کرد بە دروستکردنی کۆمپانیای نۆکیا کە ئەوکاتە کاری دروستکردنی کاغەزو تەختە بوو.. ئەمە وێنەی فریدریکە.



دوای کارکردن لەو بوارەو لە ساڵی 1895 لەگەڵ زاواکەی بە ناوی گۆتاف هەوڵی فراوانکردنی کۆمپانیاکەیان دا و ئەمەش وێنەی گۆتافە



بەم شێوەیەو بە بچوکی مانەوە کارەکانیان زۆر سنوردار بوو لەگەڵ ئەوەشدا دەیان توانی بەرهەمەکانیان بنێرن بۆ فەرەنساو بەریتانیاو روسیا. ئەمەش لۆگۆی ئەوکاتەی کۆمپانیاکە بوو.




دوای ئەوە جگە لە کاری دروستکردنی کاغەزیش دەستیان کرد بە دروستکردنی پێڵاوو جزمە.

ئەمەش خانوی کۆمپانیاکە بووە لەو کاتەدا.



بەڵام دوای جەنگی جیهانی دوهەم کۆمپانیای نۆکیا دەستی کرد بە کارکردن لەبواری ئەلکترۆنیات و گەیاندن بەتایبەت لە کێبڵ و تەلەگراف و تۆڕەکانی تەلەفۆن. پاش ئەوە لە ساڵی 1967 دوای ئەوەی کە چەند کەسێك وەك هاوبەش هاتنە ناو نۆکیا هەر لەو کاتەوە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (نۆکیاگروپ). لەو ساڵانە لەبەر ئەوەی تازە بواری راکێشانی کارەبا پەرەی سەندبوو بۆیە کارەکانی نۆکیا جێگەی دیار بوو لە فرۆشتنی کێبڵدا و بە شێوەیەك بەرهەمەکانی زۆربەی بازارەکانی ئەوروپای داگیر کردبوو.

کۆمپانیای نۆکیا بۆ کێبڵ و ئەلکترۆنیات دەستیکرد بە خەرجکردنی بڕێکی زۆر لەپارە لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی و خۆ پێشخستن لە ساڵانی شەست و حەفتاکان، تا ئەو کاتەی کۆمپانیای نۆکیا کاتژمێری ژمارەیی (دیجیتاڵ) جۆری Nokia DX 20 بەرهەمهێنا.




لە ساڵی 1981 کۆمپانیای نۆکیا یەکەمین ئامێری مۆبایلی دروستکرد لەجیهاندا بەڵام بەو تایبەتمەندیانەی نا کە ئێستا ئامێری مۆبایلەکانی نۆکیا هەیەتی، بەڵکو بەتایبەتمەندییەکی زۆر کەم و سنوردار چونکە ئەو کاتیش پەیوەندی کردن لەڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە نەبوو.

دوای ئەوەش لۆگۆی نۆکیا گۆڕاو بوە ئەم لۆگۆیەی کە تا ئێستاش هەیە.




لەناوەندی ساڵانی هەشتاکان نۆکیا شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد لەبواری گەیاندن ئەویش دروستکردنی سیستمی Global System for Mobile) (Communications کە بە(GSM) ناسراوە.



هەر ئەم داهێنانەش وایکرد نۆکیا پێ بنێتە ناو قۆناغێکی نوێوە و لە کۆتایی ساڵانی هەشتا ببێتە گەورەترین کۆمپانیای ئایتی لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی باکوری ئەوروپا.

لەساڵانی نەوەد کۆمپانیای نۆکیا پێشکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوە بینی، ئەوە بوو لە ساڵی 1992 نۆکیا ئامێری مۆبایلی لە جۆری 2100 دروستکرد کە بەیەکەمین ئامێری مۆبایل دادەنرێ بۆ پەیوەندی کردن لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە، کە تایبەتمەندی زۆرباشی لەخۆگرتبوو بۆ ئەو سەردەمە.

لەساڵی 1994 ستراتیژی کۆمپانیای نۆکیا بریتیبوو لە فرۆشتنی 500000 پێنج سەد هەزار ئامێر بەڵام لەبری ئەو پێنج سەد هەزارە 20 ملیۆن ئامێری فرۆشت کە ئەم ژمارەیە چاوەڕوان نەکرابوو بۆ کۆمپانیای نۆکیا.

پاش ئەوەی کۆمپانیای نۆکیا جێگەی خۆی لە بازارەکانی جیهاندا کردەوەو بوە تەنها کۆمپانیای دروستکردن و داهێنانی تازەو پێشکەوتووی مۆبایل هەندێك لە شەریکەکانی لێی جیا بونەوە بەتایبەت هەندێك لە هاوبەشە سویدییەکان جیابوونەوە و هەستان بۆخۆیان کۆمپانیای (سۆنی ئەریکسۆن) یان دامەزراند کە ئەویش لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش نەیتوانیوە شان لە شانی نۆکیا بدات بەڵام سۆنی ئەریکسۆنیش جێگای تایبەتی هەیە لە نێو بازاری مۆبایل و گەیاندندا.

ماوەتەوە بڵێین ئێستا کۆمپانیای نۆکیا بووەتە پێشەنگ و بەڕێوەبەر لەجیهانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و مۆبایل و وایەرلێسدا. هەر بۆ بەراوردێکیش ئەمە وێنەی لقێکی کۆمپانیاکەیە لەم ساڵانەداو ئەگەر سەیر بکەین لەگەڵ وێنەی ساڵی 1895 زۆری فەرقە.



## کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و ئاواتی قوتابیان

### بەڕێوەبەری نووسین

■ بە ئەلیکترۆنی کردن یەکێکە لە سیمای دیاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی ئەم سەردەمە، ئەوەتا لەوەتەی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان بووەتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی پێشکەوتنی ژیان، بەردەوام بە ئەلیکترۆنی کردنی شتەکان دەبیستین، پۆستی ئەلیکترۆنی، کتێبی ئەلیکترۆنی، فێرکردنی ئەلیکترۆنی، رۆژنامەی ئەلیکترۆنی تا گەیشتۆتە شاری ئەلیکترۆنی و ئینجا حکومەتی ئەلیکترۆنیش.

لای هەموومان روونە ئێستا بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لە دونیا بەردەوام روو لە زیادبوونە، بۆیە کۆمپانیاکانیش بەردەوام بیر لەوە دەکەنەوە چۆن بتوانن سوودی زیاتر وە قازانجی زیاتر بەدەست بهێنن، کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی کتێبیش یەکێکن لەو کۆمپانیایانە کە ساڵانە ملیۆنەها دۆلار قازانجیانە لە فرۆشتنی کتێبەکانیان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، دیارە نرخی ئەو کتێبە ئەلیکترۆنیانەش زۆر هەرزانترە لە کتێبە کاغەزییەکان بۆیە خەڵکیش زیاتر روو لە کڕینی ئەم کتێبانە دەکەن ئەمە لەلایەك وە لەلایەکی تریشەوە هەڵگرتن و ئاڵوگۆڕی کتێبە ئەلیترۆنیەکانیش زۆر ساناترە.

دیارە بوونی کتێبی ئەلیکترۆنی پێویستی بە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیش دەبێت، جا بۆ ئەم مەبەستە هەزران وێب سایتی تایبەت هەن بە کتێبە ئەلیکترۆنیەکان کە ئەم کتێبانەیان تێدا دانراون، بەڵام زۆرێك لەوانە بە پارەن و لە رێگەی کارتی حیسابی دەبێت بکڕدرێن و بەخۆڕایی نین، لەبەر ئەوە هەموو کەس ناتوانێت دەستەبەریان بکات. بە تایبەت لەلای خۆمان کە تا ئێستا خەڵك ناتوانێت حیسابی بانکی ئەلیکترۆنی و کارتی حیسابی هەبێت.

ئەوەی من لەم بابەتەدا مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە، ئێستا لە کوردستانی خۆمان وەکو وڵاتانی تری دونیا بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت زۆر زۆر بوون و زۆربەی زۆریشیان کە بێگومان کەسانی رۆشنبیرو خوێندەوارن، بەڵکو بەشێکی هەرە زۆریان مامۆستاو قوتابی و خوێندکارن، ئەمە لەلایەك وە لەلایەکی تر دەست کەوتنی سەرچاوەو کتێبی تایبەت بە بەشە زانستی و ئەدەبیە جیاجیاکان ئاسان نییە، وە ئەگەر هەشبێت نرخی زۆرەو کەم قوتابی هەیە بتوانێت بیان کڕێت، بۆیە من لێرەدا ئەم پێشنیارە دەخەمە بەردەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کە هەستێت بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنی و ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە پێویستن لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان بۆ ئەو کتێبخانە ئەلیکترۆنیە دەستە بەر بکرێن. کتێبخانەی ئەلیکترۆنیش پێك دێت لە وێب سایتێکی تایبەت وە کتێبەکانی بە شێوەیەکی پۆلێن کراو دادەنرێن و قوتابیان لە رێگەی یوزەرنەیم و پاسۆردی تایبەتەوە داخڵی سایتەکە دەبن و ئەو کتێبانەی کە پێویستیانە دایدەبەزێنن.

بێ گومان ئەم هەنگاوەش دەبێتە هەنگاوێکی تر بەرەو زیاتر بە ئەلیکترۆنی کردنی ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان و بەرەو پێش چوونی رەوتی زانست و فێرکردن لە کوردستاندا.

## ئایا راستە لە ناو ویندۆز ناتوانین فۆڵدەر بە ناوی con دروست بکەین؟


■ زۆرجار کێشەیەکمان بۆ هاتە پێشەوە کە ئایا کاتێك بمانەوێت فۆڵدەرێك بەناوی con دروست بکەین لە ناو کۆمپیوتەرەکەمان کەچی نەمان توانیوەو زۆرکەس ئەمەی بۆ کاری پرۆگرامکردنی ویندۆز یان هەڵەی ویندۆز گەڕاندۆتەوە و زۆر قسەی تریشی لەسەر کراوە. بەڵام دەبێت راستیەکەی چی بێت؟؟ ئێمە لێرە روونی دەکەینەوە:

سەرەتا تەنها فۆڵدەر نیە کە بە ئاسایی ناتوانرێت دروست بکرێت چونکە ناشتوانیت فایلیش بەو ناوە دروست بکەیت. ئەنجا شەرت نیە فۆڵدەر هەر بە وشەی con نەنوسرێت بەڵکو ئەم ناوانەش ناتوانی بنوسیت: Con, Aux, Com1, Com2, Com3, Com4, Lpt1, Lpt2, Lpt3, Prn.

گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین ئایا ئەمە هەر دروست ناکرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە نەخێر دەتوانیت دروستی بکەیت. ئەویش بە رێگای ئاسایی نا بەڵکو دەتوانیت لە رێگەی دۆسەوە ئەم کارە زۆر بە ئاسانی بکەیت.

ئەم رێگایە بگرە بەرو بزانە چۆن بە ئاسانی دەتوانیت ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنیت:

سەرەتا بچۆرە سەر Start و لەویش بچۆرە سەر RUN و ئەوکات ئەم نوسینە لە ناو بۆکسی رەن بنوسە: CMD و دەچیتە ناو ئەم روکارە رەشەوە:




لەم روکارە بۆ ئەوەی فۆڵدەرێك بەناوی con بکەینەوە ئەوە ئەم نوسینە بنوسە:




ئەگەر سەیر بکەیت ئێمە نوسیومانە
md\\.\c:\con

ئەمە بە مانای ئەوە دێت لە ناو بەشە هاردی c فۆڵدەرێکمان بۆ دروست بکە بە ناوی con و دوای ئەوە ئینتەر بکە.

سەیر دەکەیت لەو روکارە رەشە کارێکی وا روو نادات بەڵام کە دەچیتە ناو بەشە درایڤی C لە ناو کۆمپیوتەرەکەت سەیر دەکەیت فۆڵدەرێکت بۆ دروست بوە بە هەمان ناوەوەو بە ئاسانی دەتوانیت بیکەیتەوەو دایبخەیت. بەڵام ناتوانیت بیسڕیتەوە. بۆ سڕینەوەشی هەمان رێگا بەکار دەهێنیت.


سەرەتا سەیری ئەم وێنەیە بکەن کە فۆڵدەرەکەمان دروست کردوە لە ناو درایڤی سی.




ئێستا بۆ ئەوەی ئەم فۆڵدەرە بسڕینەوە ئەوە لە هەمان روکار ئەم نوسینە دەنوسین:

rmdir /s c:\con\

واتە دەنوسین rmdir و دوای ئەو سپەیس و ئەوکات s/ و سپەیس و ئەوکات دەنوسین c:\con\ و ئینتەر دەکەین. ئەوکات پێت دەڵێت بیگومانی لە سڕینەوەی تۆش پیتی Y بنوسە و ئینتەر بکە وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




بەم شێوەیە فۆڵدەرەکە سڕایەوە. بەڵام ئایا ئێستا بۆچی ناتوانین بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو فۆڵدەرە بەو ناوانەوە دروست بکەین.

راستیەکەی بۆیە ناتوانرێت چونکە ئەم وشانە هەمووی ئیعازی تایبەتین لە ناو دۆسدا بۆ نمونە con بە واتای Console دێت prn بە واتای print و ئەگەر ویندۆز رێگەت پێ بدات بە دروست کردنی ئەم فۆڵدەرانە رەنگە کێشەی بۆ دروست بکات لەکاتی بەکارهێنانیداو تێکەڵیەك دروست بێت لە نێوان ویندۆز و دۆسدا.

بۆ نمونە تۆ هەر شتێك چاپ بکەیت ئەوە ویندۆز لە دۆسدا بۆ وشەی prn دەگەڕێت. کەچی لەو کاتەدا نازانێت بۆ ئەو ئیعازە بگەڕێت کە تایبەتە بە چاپ کردن یاخود ئەو فۆڵدەرەی کە تۆ دروستت کردوە.

ئەوە راستیەکەیەتی بۆ هەموو ئەو وشانەی تریش کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئاسایی بنوسرێت. نەك ئەو قسانەی کە دەکرێت لە ناو سایتەکانی ئینتەرنێدا کە زۆریان دوورن لە راستیەوە و دەڵێت بیڵ گیتسیش نازانێت بۆچی ئەم فۆڵدەرە دروست ناکرێت و هەندێکیش دەڵێن ئەوە هەلەیەکە هەتا ئێستاش مایکرۆسۆفت نەیتوانیوە چاکی بکات؟!!

بەڕێز (د.بژارخدر حسێن) سەرۆکی بەشی سیستمی کۆمپیوتەر لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر:

# نەبوونی پلان وەك مرۆڤێكە لە تاریكی بڕوات بەبێ هیچ سەرچاوەیەكی ڕوناكی

■ هەفتەنامەی سی فۆر کورد بەپێویستیزانی دیدارێك لەگەڵ بەڕێز (د.بژارخدر حسێن) ساز بكات، سەرۆكی بەشی سیستمی كۆمپیوتەر لە پەیمانگای تەكنیكی هەولێر، كە هەڵگری یەكەمین بڕوانامەی دكتۆرایە لە زانستی ئای تی لەبواری (سیستمەكان و تۆڕەكانی كۆمپیوتەر) لە كوردستاندا و ئەمەو جگە لەوەی هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆسە لە بواری زانستی كۆمپیوتەر و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەبواری سیستمەكانی مایكرۆ كۆمپیوتەر.



**دیمانە: كارزان محمود - بەشی سیستەمی كۆمپیوتەر**

*** بەڕێز (د. بژار خدر حسێن) هەفتەنامەی سی فۆر كورد وەك تاكە ڕۆژنامەیەكی تایبەت بە بواری تەكنەلۆژیای زانیارییەكان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- سەرەتا بەخێرهاتنتان دەكەم، و دەست خۆشیتان لێدەكەم بۆ دەركردنی هەفتەنامەی سی فۆر كورد، بەڕاستی سودمەندە و تایبەتمەندێكی زۆری هەیە بۆ خۆێنەران، بەتایبەت بۆ قوتابیانی بەشی سیستمی كۆمپیوتەر لە پەیمانگاكەمان، چونكە وەك من دەبینم لەو هەفتەنامەیە هەواڵی تازە بڵاو دەكەنەوە و ڕوونكردنەوەی زۆربەی ئەو كێشەو گرفتانەی كە ڕۆژانە تووشی بەكارهێنەرانی كۆمپیوتەر دەبن، و هەروەها ئاسانكارییەك بۆ خۆێنەواران بۆ دۆزینەوە و شارەزابوونی زۆربەی ئەو پرۆگرامانانەی لە بواری (Ms Office، graphic، Pc tools، animation)كە ڕۆژانە بەكاری دەهێنن.

*** ئەم بەشە لەساڵی چەند دامەزراوە؟**

- ئەم بەشە لە ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١)ەوە دامەزراوە و دەستیكردووە بە وەرگرتنی قوتابیان.

*** ئامانج چییە لە كردنەوەی بەشی سیستمی كۆمپیوتەر لە پەیمانگاكەتان؟**

- ئێمە بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتیمان هەیە بۆ قوتابیان كە لەماوە دووساڵ دەیخوێنن، تا بتوانین كادیری لێهاتوو و شارەزا لە بواری پرۆگرامسازی و داتابێس و تۆڕی كۆمپیوتەر پێبگەیەنین. بەڵام قوتابیان چەند سودمەند دەبن، ئەوا قوتابیان خۆیان بەرپرسن لەمە، چونكە ئێمە هەموو هەل و مەرجێمان بۆ یان ئامادەكردووە.

*** تا ئێستا چەند خول لە قوتابیانی دەرچواندووە؟**

- تا ئێستا شەش خولی دەرچووان لە بەشەكەمان بەڕێ كردووە.

*** ئەو وانە سەرەكیانەی بە قوتابیان دەوترێت لەبەشەكەتان؟**

- ئەو وانە سەرەكیانە كە دەیخوێنن بریتین لە زمانی پرۆگرامی ++C،بەیسك،تركیب حاسبە و مایكرۆسۆفت ئۆفیس لە قۆناغی یەكەم و لە قۆناغی دووەم فیجوەڵ بەیسك، داتابەیس(database)، تۆڕی كۆمپیوتەر(computer networks)، ئۆپەرەیشن سیستم (operation systems).

*** بەڕای بەڕێزتان نەبوونی گوڕ و تینی قوتابیان بۆ خوێندن بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

– نەبوونی ورەی قوتابیانی پەیمانگا بەپلەی یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەلومەرجی قوتابیان بۆ تەواوكردنی خوێندن لە كۆلێژەكان, هەروەها ئەو مووچە مانگانەی كە پاش دامەزراندنیان وەریدەگرن زۆر كەمە.

*** وانەكان زیاتر تیۆرین یان پراكتیكین؟**

- زۆربەی وانەكان پراكتیكین لە قۆناغی یەكەم لە هەشت وانە شەشیان پراكتیكین، و هەروەها لە قۆناغی دووەم.

*** قوتابیان زیاتر خولیای وانەی تیۆریەكانن یان پراكتیكییەكان؟ لەبەرچی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت قوتابیان بە زۆری خولیای وانە پراكتیكیەكانن، هەرچەندە ئەوەی لە بەشی تیۆری وەری دەگرن هەمان بەرنامەی پراكتیكییەكانن، بەڵام زیاتر سودمەندن و بەئاسانی تێدەگەن.

*** چەند تاقیگەی كۆمپیوتەر هەیە بۆقوتابیان؟**

- بەشەكەمان دوو تاقیگەی كۆمپیوتەری هەیە، بەڵام قوتابیان گلەییان هەیە لەوەی ئامێرەكانی كۆمپیوتەر كۆنن و هەروەها ژمارەیان كەمە بە گوێرەی ژمارەی قوتابیان، بەڵام ئێمە ئەم داواكارییەمان بەرز كردۆتەوە، بڕیار وایە بەم زووانە ئەم گرفتەش چارەسەر بكرێت بۆمان.

*** هێڵی ئینتەرنیت دابین كراوە بۆقوتابیان لەو تاقیگایانەی كەهەتانە؟**

- بەنسبەت هێڵی ئینتەرنێت لێرەدا من بەپێویستی دەزانم كە سوپاسی حكومەتی هەرێم بكەین بۆ دابینكردنی بڕی ٢٤ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی هێڵی ئینتەرنێت بۆ پەیمانگاكەمان، كە ساڵی پار پرۆژەی هێڵی ئینتەرنێت كە خۆم و چەند كارمەندێكی پەیمانگاكەمان هەستاین بە تەواوكردنی ئەم پرۆژەیە، ئێستا خۆشبەختانە هەموو بەشەكان و یەكەكانی پەیمانگاكەمان سوودمەندن لەو پرۆژەیە، بەتایبەتی بەشی سیستمی كۆمپیوتەر.

*** پێت وانییە تەنها بەشێك لەپەیمانگاكەتان، كەم بێت بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەوەی كە ئێستا تەكنەلۆژیای زانیاری زمانی سەردەمەو هەموو جیهان بەو زمانە دەدوێ؟**

– بەڵێ پێم وایە و وا بە باشی دەزانم بەشی سیستەمی كۆمپیوتەری پەیمانگاكەمان بەشی تری هەبێت وەك بەشی داتابەیس و تۆری كۆمپیوتەر بەڵام ئایا مامۆستای پسپۆرمان هەیە بۆ كردنەوەی ئەم بەشانە؟ بێگومان نەخێر هەرئەمەش وایكردووە نەتوانین بەشی تر بكەینەوە لە پەیمانگاكەمان.

*** بەڕای بەڕێزت بەپێویستی نازانی بەشی كۆمپیوتەر تاقیكردنەوەی هاوشێوەی (ECDL) بكات بۆ هەموو كەسێك؟ بۆئەوەی ببێتە بنەماو بەڵگەیەكی فەرمی بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بزانن شارەزاییان لە ئای تی لە چ ئاستێكدایە؟**

– بەنیسبەت تاقیكردنەوەی هاوشێوە (ECDL) پێویستە دەستەی فێركردنی تەكنیكی لیژنەیەك پێكبهێنێ بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام لەمكاتەشدا پێویستە تەنسیقێك هەبێت تاوەكو ئەم بڕوانامەیەی كە ئێمە دەیدەین بتوانرێ لە كۆلێژەكان بەكاربێت.

*** بەڕای تۆ بابەتی كۆمپیوتەر كە لە قۆناغی یەكەمی هەموو كۆلێژەكان دەخوێنرێت، باشتر وانیە لەبری ئەوەی تەنها ساڵێك بابەتێكی وەها گرنگ بخوێنرێ هەموو ساڵەكان هەمان بابەت بخوێنرێ؟**

- بەڕای من پێویستە بابەتی زانستی كۆمپیوتەر لە قۆناغی یەكەمی هەموو كۆلێژەكان و پەیمانگاكان بخوێندرێت، و پاشان لە هەر سێ قوناغەكانی تریش بخوێنرێت، بە جۆرێك بۆ هەر بەشێك (سۆفتوێر)ێكی تایبەت هەیە بەپێی پێویستی بەشەكە، ئەویش بە یارمەتی ئەو مامۆستا پسپۆرانەی كەوا توانای وتنەوەی ئەو وانانەیان هەیە دەتوانرێت سوود لە كۆمپیوتەر وەربگیرێت .

*** وەك ئاگادارن ساڵانە قوتابیانی قۆناغی دووەم، لەسەریانە كەوا پرۆژەیەك (مشروع)ێك پێشكەش بكەن، تا چەند گرنگی بەو پرۆژانە دراوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەك بۆ كاركردن بۆ پرۆژەی گەورەتر و باشتر؟**

- یەكێك لەو بابەتە گرنگانەی بەشی پراكتیكی قۆناغی دووەم بابەتی (پرۆژەیە)، ئەویش چەند قوتابیەك بەشداری دەكەن لە تەواوكردنی، لەسەرەتاوە ئێمە داوا لەچەند مامۆستایەكی پسپۆر دەكەین كەوا چەند پرۆژەیەكمان پێشكەش بكەن، پاشان ئێمە هەڵدەستین بە هەڵبژاردنی ئەو پرۆژانەی كەوا قوتابیان سوودمەند دەبن، و پاشان هەوڵدەدەین زۆربەیان لە بواری داتابەیس و تۆری كۆمپیوتەر و دیزاینی سایت (web design)، چونكە ئەمبوارانە قوتابیان دەتوانن سودی زۆری لێوەربگرن بەتایبەت بۆ دامودەزگا حكومیەكان و كۆمپانیاكان.

*** دواین وتەی بەڕێزت؟**


- لەكۆتاییدا داواكارم لە قوتابیان پابەندی ڕێنمایەكانی بەشەكەمان بن و ئامادەبوونی ڕۆژانە و پێداچوونەوەی ئەو وانانەی كە ڕۆژانە وەری دەگرن،و هەرقوتابیەك بڕوای بە خۆی هەبێت و پلانێكی تۆكمەی هەبێت لە ژیاندا و بەردەوام هەوڵ و كۆشش بكات بۆ گەیشتن بەو هیوایە، چونكە وەك دەزانین نەبوونی پلان وەك مرۆڤێكە لە تاریكی بڕوات بەبێ هیچ سەرچاوەیەكی ڕوناكی.

# ڕێگایەكی ئاسان بۆ خێراكردنی هێڵی ئینتەرنێت


■ زۆر جۆرە پرۆگرام هەیە كە بە تەكنیك و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن ئینتەرنێتەكەت خێرا بكەن، بەڵام سەركەوتنی ئەو پرۆگرامانە لە كارەكەیاندا دەگاتە ڕێژەی 1٪ واتە تەنیا بەناو ئەوكارە دەكەن.

بەڵام لە خودی ویندۆزدا تایبەتمەندیەك هەیە بە شێوەیەكی ئاسایی 20٪ خێرایی ئینتەرنێتەكەت بۆ خۆی دەبات، داگیركردنی ئەو بەشە خێراییە لە خێرایی ئینتەرنێتەكەت بۆ ئەوەیە كە لەكاتی پەیوەندیكردن بە سێرڤەرەكانی كۆمپانیای مایكرۆسۆفتەوە بەخێرایی فایل و نوێكاریەكانی ویندۆز دابگرێت. بەڵام دابینكردنی ئەو بەشە خێراییە لەهەموو كاتدا پێویست نییە، چونكە كۆمپیوتەر پێویستی بەوەنیە هەمووكات پەیوەندی بەسێرڤەری مایكرۆسۆفتەوە بێت، بۆیە باشتر وایە ئەو ڕێژەیە كەمتر بكەیتەوە لەوەی كە هەیە بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانە:

لە Start دا Run كلیك بكە، دواتر gpedit.msc بنووسە و OK كلیك بكە.





پاشان Group Policy دەكرێتەوە.




وەكو لەو وێنەیەی سەرەوە ڕوون بۆتەوە ئەم كارانەی خوارەوە دەكەین سەرەتا لەلای چەپ Computer Configuration مان هەیەو دوای ئەوە لە خواریەوە نوسراوە Administrative Templates لەمیشدا نیشانەیەكی (+) هەیەو كلیك لەسەری دەكەین و چەند بەشیك دەردەكەوێت، ئێمە Network هەڵدەبژێرین دوای ئەوە كلیك لە نیشانەی + ی نێتۆرك دەكەین و Quos Packet Scheduler- هەڵدەبژێرین و لە كۆتایی دا لە بەشی ڕاستدا دووجار كلیك بكە سەر Limit Resolvable Bandwidth.

دەبینی كە نووسراوە، بەشێوەیەكی ئاسایی 20٪ بەكار دەبات، هەروەها گەر دیس ئەیبڵیشی بكەیت ویندۆز هەر 20٪ بەكار دەبات، بەڵام دەبێ تەنیا نرخەكە كەم بكەیتەوە.

واتەدەبێت Enabled ئەكیڤ بێت و پاشان





نرخەكە كەمكەرەوە، من كەمم كردۆتەوە بۆ 1٪ وەكو لەم وێنەیەی خوارەوە دیارە:




بەو شێوەیە 20٪ خێرایی ئینتەرنێت دەگەڕێنیتەوە و دەتوانی بۆ مەبەستەكانی دیكە سوودی لێ ببینیت.

# كلیك كردنی ماوس دەبێتە هۆی نەخۆشی

■ ئەگەر یەك بەیەك ئەو كلیكانە بژمێرین كە لەكاتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەردا دەیكەین ئەوە لە ماوەی چەند كاتژمێرێكدا ژمارەیەكی زۆر خەیاڵیمان بۆ دەردەچێت لە كلیك كردن. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ماندو بونی پەنجەكانمان و زۆرێك لە پسپۆڕانی دەمار ئاگاداری ئەو كەسانەیان كردۆتەوە كە زۆر كۆمپیوتەر بەكاردەهێنن ئاگایان لە پەنجەكانیان بێت ورەنگە زۆرجاریش لە ئەنجامی زۆر باش نەزانین لە كلیك كردن بە ماوسەكەت توشی هەوكردنی پەنجە دەبن.



دكتۆر فرانك بیرجمان كە سەرۆكی كۆمەڵەی پزیشكانی ئەڵمانیە بۆ دەمار رونی كردەوە كە یەكەمین نیشانەی ئەو نەخۆشیە هەست بە سڕبون و ئازاری دەست و خواروی قۆڵە. بۆیە ئەوەی روون كردەوە كە زاڵ بون بەسەر ئەم كردارە زۆر ئاسانەو هەوڵ بدرێت ماوسی باش و گونجاو بۆ دەست و پەنجەكانمان دابنێین و زوو زوو وەرزش بە پەنجەكان بكرێت تاكو ئەو خێرایی كلیك كردنە زۆرە نەبێتە هۆی نەخۆشی بۆ پەنجەكانمان.

# بەرنامەیەكی بەهێز بۆ خێراكردنی داونلۆد

■ یەكێك لە كێشەكانی ئینتەرنێتی ئێمە لە كوردستاندا هێواشی داونلۆدە، كە ئەگەر بمانەوێت بەرنامەیەكی 200 مێگا بایتی داونلۆد بكەین ئەوە دەبێت ماوەیەكی زۆر بوەستین یاخود چەند ڕۆژێك تا داونلۆد دەبێت. زۆر جاریش بە پچڕانی خەتی ئینتەرنێتەكە ریسەكەمان دەبێتەوە خوری.

بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەك هەیە بەناوی Internet Download Manager كە چەند تایبەتمەندیەكی باشی هەیە و زۆر سودمەندە بۆ ئەم هێڵە زۆر خاوانەی ئێمە لە كوردستاندا. بەتایبەتی ئەم دوو تایبەتمەندیە:

یەكەم: خێرایی داونلۆدت بە ڕێژەی دوو ئەوەندە بۆ خێرا دەكات كە ئەمە تاقی كراوەتەوەو زۆر سودمەند بوە.

دوهەم: هەركاتێك ئینتەرنێتەكەت پچرا ئەوا لە كوێدا پچڕاوە لەو شوێنە دەست پێ دەكاتەوە. واتە ئەگەر تۆ فایلێكی 200 مێگابایتی داوتلۆد بكەیت و 150 مێگای تەواو بوبێت و ئینتەرنێت بپچڕێت. ئەگەر هەركاتێك ئینتەرنێت هاتەوە ئەگەر دوو ڕۆژی تریش بێت ئەوە لە 150 مێگابایتەكەوە دەست پێ دەكات.

بۆ كاركردنیش بەبەرنامەكە زۆر ئاسانەو لەگەڵ سێت ئەپ كردنی بەرنامەكە ئەگەر هەركاتێك بتەوێت بەرنامەیەك داونلۆد بكەیت ئەوە كلیك لەسەر داونلۆد بكە ئەو كات بەرنامەكە خۆی یەكسەر دەكرێتەوە بێ ئەوەی تۆ بیكەیتەوە.

جگەلەوەی خۆی فۆڵدەرێك دەكاتەوە لەناوی مای دوكومێنت بەناوی داونلۆد و فایلەكان بە پێی دەنگ و زیپ و پی دی ئێف جیا دەكاتەوە و لەكاتی داونلۆدكردنیان هەریەكەیان دەكاتە ناو فۆڵدەری تایبەتی خۆی بۆ ئەوەی لێت تێك نەچێت.

بۆ داونلۆدی بەرنامەكە ئەم لینكە بكەرەوە:

www.c4kurd.com/pro/idm.zip

www.c4kurd.com

زنجیرەی تایبەت بە پرۆگرامسازی

# فێربوونی C++ هەنگاو بە هەنگاو

**بەشی حەوتەم**

عەبدولباسیت كامل . ماستەر لە IT . زانكۆی كۆیە

■ لە بەشی رابردوو و لە باس كردنی جۆری گۆڕاوی bool باس لەوە كرا كە ئەگەر x بە راست دانرا و y بە هەڵە دابنرێت ئەوا x+y راست دەردەچێت، كەچی x*y بە هەڵە دەردەچێت ئەمەش لە بەر ئەوەی هێمای (*) یا خود هێمای جاران لە حاڵەتی گۆڕاوی bool دا لە جیاتی and دێت و هەروەها هێمای + بە or دادەنرێت، و وەك دەشزانین كە (دەستەواژەیەكی راست لەگەڵ دەستەواژەیەكی هەڵە) بە هەڵە دادەنرێت لە كاتێكدا (دەستەواژیەكی راست یان دەستەواژەیەكی هەڵە) بە راست دادەنرێت، ئەمەش هۆی ئەو ئەنجامەیە كە لە كۆتا كۆدی بەشی رابردوو دەرچوبوو.

لەم بەشەدا باسی یەكێكی تر لەو فرمانانە دەكەین كە كاری if دەكات بەڵام بە شێوازێكی تر كە ئەویش فرمانی switch ە

```
int main()
{int q=2;
switch (q)
{
case 1:
	cout<<"q=1";
case 2:
	cout<<"q=2";
}
}
```

```
q=2_
```

نرخی q وەك دەبینین یەكسانە بە 2، فرمانی switch لێرەدا نرخی q تاقیدەكاتەوە و دەگەڕێت بە دوای case ژمارە 2 لە بەر ئەوەی نرخی q بریتیە لە 2 بەم پێیە ئەو رستەیەی دوای case ی 2 ئەنجام ئەدات. بۆیە نرخی 2 دەردەچێت، ئەم وێنەیەی خوارەوە ببینە با باشتر لەم فرمانە تێبگەین:

```
int main()
{int q=1;
switch (q)
{
case 1:
	cout<<"q=1";
case 2:
	cout<<"q=2";
}
}
```

```
q=1q=2
```

وەك دەبینین كاتی نرخی q بوو بە 1 هەردوو رستەی جێبەجێ كردووە لە كاتێكدا ئێمە ئەمانەوێت تەنها ئەو كەیسە جێبەجێ بكات كە ژمارەی كەیسەكەی یەكسانە بە نرخی q. كەواتە لە یەكەم رستەوە جێبەجێ دەكات تا كۆتایی. كەواتە بۆ ئەوەی تەنها یەك كەیس جێبەجێبكرێت پێویستە فرمانێك لە دوای هەموو case ێك دابنێین كە ئەویش

```
int main()
{int q=1;
switch (q)
{
case 1:
	cout<<"q=1";
	break;
case 2:
	cout<<"q=2";
	break;
}
}
```

```
q=1_
```

فرمانی break.

فرمانی break كار دەكات بۆ ئەوەی لە نێوان هەردوو كەوانەی switch دەری بكات. كەواتە هەر كە گەیشت بەو رستەیە هیچ رستەیەكی تری ناو دوو كەوانەكە

```
int main()
{char q='D';
switch (q)
{
case 'A':
	cout<<"A";
	break;
case 'B':
	cout<<"B";
	break;
case 'C':
	cout<<"C";
	break;
case 'D':
	cout<<"D";
	}
}
```

```
D
```

جێبەجێناكرێت.

ئەم وێنەیەی سەرەوە لە جیاتی ژمارە، پیتەكانی بە كارهێناوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەی كە لە كۆتا كەیسدا فرمانی break دانەنراوە ئەمەش لە بەر ئەوەی رستەی كۆتایی بە هەر حاڵ بێت هەر دەردەچێت، لە ناو كەوانەی switch دا.

لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا زیاتر لە فرمانێكی if ی لە ناو یەكدا بە كار دەهێنرێت، دیارە فرمانی switch لێردا فریامان دەكەوێت و لە جیاتی نوسینەوەی چەند فرمانێكی if لە ناو یەكدا یەك جار switch بە كار دەهێنین بۆ ئەم مەبەستە ئێمە نمونەیەك دەهێنینەوە كە تێیدا روونی دەكاتەوە كە چۆن سویچ كاری چەند if یێك كورت دەكاتەوەو بۆ بەكارهێنانی تەنها یەك فرمانی switch، كە ئەمە سود مەندە بۆ كورت كردنەوەی كۆدەكانمان وەكو دەزانین پرۆگرامسازی دەبێت كورت ترین رێگا بەكاربهێنین بۆ نوسینی كۆدەكانمان.

```
int main()
{
	int i;
	i=10;
	if (i==50)
		cout<<"i=50";
	else
		if(i==40)
			cout<<"i=40";
		else
			if(i==30)
				cout<<"i=30";
			else
			if(i==20)
				cout<<"i=20";
			else
			if(i==10)
				cout<<"i=10";
}
```

```
i=10_
```

وەك دەبینین پێنج فرمانی if مان بە كار هێناوە بۆ ئەوەی نرخی i پیشن بدات ئەگەر لە كاتێكدا هەمان ئەم مەبەستە دەتوانین جێ بەجێ بكەین بە كار هێنانی switch ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

```
int main()
{
	int i;
	i=10;
	switch(i)
	{
	case 50:
		cout<<"i=50";
		break;
	case 40:
		cout<<"i=40";
		break;
	case 30:
		cout<<"i=30";
		break;
	case 20:
		cout<<"i=20";
		break;
	case 10:
		cout<<"i=10";
	}
}
```

```
i=10_
```

لە بە كار هێنانی فرمانی if دا لە وێنەی پێش رایردوو وەك دەبینین بە هیچ شێوەیەك كەوانەمان بە كار نەهێناوە { }، ئەمەش دەكەین بە پرسیارێك: ئایا پێویست نیيە كەوانە دابنێین؟ وەڵامیش بۆ ئێوەی بەرێز بە جێ دێڵین كە دەكرێت لە بەشی رابردوو سوود وەربگریت بۆ وەڵام دانەوەی.

ئەم كۆدەی خوارەوە ببینە و بزانە چۆن ئەم ئەنجامە دەركەوتووە:

```
int main()
{
	bool i=true;

	switch(i)
	{
	case 1:
			cout<<"TRUE";
			break;
	case 0:
			cout<<"FALSE";
	}
}
```

```
TRUE_
```

نرخی i بگۆرە بە false و بزانە چی دەردەكەوێت.

بەرێزان ئەم جۆرە فرمانانە وەك لە وانەكانی رابردوو باسمان لێوە كردووە كار كونترۆڵ كردنی رێرەوی بەرنامە دەكات كەواتە لێرەدا فرمانی switch كار دەكات بە گواستنەوەی جێ بەجێكردنی رستەكان بۆ ئەو كەیسەی كە نرخەكەی بریتیە لە نرخی ئەوگۆراوەی لە نێوان كەوانەی پێش switch دا دانراوە. ئەم وێنەیەی خوارەوە هیچ ئەنجامێكی نیيە ئەمەش لە بەر ئەوەی كەیسی پێویست بوونی نیيە:

```
int main()
{
	int i=2;
	switch(i)
	{
	case 1:
			cout<<"TRUE";
			break;
	case 0:
			cout<<"FALSE";
	}
}
```

```
_
```

## Artificial Neural network
# تۆری دروستكراوی خانە مێشكیەكان


■ چۆن دەكرێت كۆمپیوتەرێك كۆمەڵی وێنە یان دەنگ یان تایبەتمەندی بناسێتەوە؟. چۆن ئەكرێت وا لە ئامێرێك بكەین بزانێت بڕیار بدات كە شتێكی دیاری كراو ریزبەند بكات لە شوێنی خۆی؟. بۆ نمونە بزانێت كە دەنگێكی تۆمار كراو لە دەنگی كەسێك دەكات كە لە تەمەنی ٥٠ ساڵ بە سەرەوەیە، یا خود ئەم دەنگە دەنگی ئافرەتە. یان ئەم وێنەیە بە وێنەی فلان كەس دەچێت زیاتر لە هەر كەسێكی تر، هتد...

لە راستیدا ئەگەر ئێمە لۆجیكیانە بیر لەمە بكەینەوە ئەبینین كە بریاردان لەم جۆرە بابەتانە لای مرۆڤ پابەندن بە كۆمەڵێ زانیاری پێشوو دەربارەی دەنگی دیاریكراو یان وێنەی كەسی مەبەست. بەم شێوەیە من ناتوانم بڵێم ئەم وێنەیە لە وێنەی ورچ ئەچێت لە حاڵێكدا من ورچم نەبینێت لە ژیانمدا!.

لەم پێگەیەوە تەكنەلۆجیایەك بە ناوی تۆری دروستكراوی خانە مێشكیكان دروست بوو كە لە ینەرەتدا بریتیە لە لاسایی كرنەوەی شێوازی كار كردنی خانەكانی مێشكی مرۆڤ. ئەمەش بە نموونەیەك روون ئەبێتەوە:

خانەكانی مێشكی مرۆڤ كاتێك ئەتوانن بڕیار بدەن، كە زانیاریان هەبێت دەربارەی ئەو بابەتەی پێویستە بریاری لێ بدەن، كەواتە چۆن زانیاری كۆدەبێتەوە لە خانەكانی مێشكی مرۆڤ ؟. لە گەڵ هەست كردن (بۆ نموونە بە هەستی بینین) بە وێنەیەك كۆمەڵی زانیاری لە خانەكانی مێشكی مرۆڤ كاریگەری جێدێڵێ، بۆیە كاتی منداڵ یەكەم جار مریشك ئەبینێت و ئەپرسێت ئەوە چییە؟، لە وەڵام دا پێی ئەوترێت ئەوە مریشكە! لە خانەكانی مێشكی ئەو منداڵە وێنەیەك دروست دەبێت لە بەرامبەری دا ووشەی مریشك هەڵئەگرێ.

لە دوای ئەم جارە كاتێ هەمان منداڵ (كەو) ئەبینێت و لە منداڵەكە بپرسیت ئەمە چییە زۆر ئەگەر هەیە ئەو منداڵە بڵێت ئەمە مریشكە لە بەر ئەوەی نزیكترین شت بینیبێتی كە لەم وێنەیە بچێت مریشكە!، بەڵام كاتێ پێی ئەڵێیت نەخێر ئەمە كەوە ئەوا ئەو منداڵە بیر لەوە دەكاتەوە كە جیاوزی هەیە لە نێوان ئەم زانیاریەی كەپێشتر هەبوو لە گەڵ ئەمەی ئێستا. بەم پێیە پیویستە زانیاریەكان راست بكاتەوە، چەند ئەم




زانیاریانە زیاتر بێت ئەوەند بریاری ئەم منداڵە راستتر ئەبێت!.

ئەمە لۆجیكەی سەرەوە باس كرا بەكار ئەهێنرێت بۆ دروست كردنی تۆرێك، كاتێ زانیارییەك دێتە ناو ئەم تۆرەوە گۆرانێك بەسەر (با بڵێین) ژمارەیەك ئەهێنێ بە پێی تایبەتمەندی ئەم زانیاریەوە كە دێتە ناو تۆرەكەوە، ئەمەی ئێمە پێیمان ووت ژمارە لە راستیدا پێی ئەوترێت كێش weight ئەم كێشە لە گەڵ هەر داخڵ بوونی زانیارییەكی نوێ گۆرانێكی تایبەتی بە سەردا دێت، بە پێی چەند یاسایەكی تایبەت كە هەندێكیان پێیان ئەوترێت یاسای راستە هێڵ وهەندێكی تریان سیگمویدیان پێ ئەوترێت یاسی تریش هەیە لەم بوارەدا.

تۆری دروستكراو دوای گۆرانی تەواو بە سەر كێشەكانیدا (واتە دوای گەیشتنی بە ئاستێكی باشی ناسینەوەی زانیاریەكان كە دێنە ناو تۆرەكەوە)، ئامادە ئەبێت بۆ وەرگرتنی هەر زانیارییەكی نوێ بە مەبەستی ئەوەی بڕیار بدات ئایا ئەم زانیاریە نوێیە كە پێویستە بریاری لە سەر بدرێت لە گەڵ ئەوكێشانەی ناو تۆرەكە نزیكن یان دوورن لە كاتێكدا نزیك بوون ئەوا بریار ئەدات كە ئەم زانیارییە تازەیە لەو زانیاریانەی پێشوو دەچێت كە من (تۆرەكە) پێی ئاشنا بووم ئەگەر واش نەبوو ئەوا بە پێچەوانەوە.

چەند جۆرێكی زۆر هەیە لەم تۆرە دروستكراوانە كە هەر یەكەیان بۆ شێوازێك زانیاری بە كار دێت، و هەر جۆریكیشیان تەكنیكێكی جیاوازیان هەیە، تەنانەت هەیكەلی هەر بەشێكیش شێوازێكی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە هەنێكیان بریتین لە یەك لەیەری شاراوەی ناوەكی كەواتە یەكجار گۆران بە سەر كێشەكان دێت لە كاتێك، هەندێكی تر زیاد لە جارێك ئەم گۆرانە روو ئەدات بەمەش زوو تر تۆرەكە فێر دەكات!.

ئەم كرداەرەی پێدانی زانیاری بە تۆرێكی دروستكراوی لەم بابەتە پێی ئەوترێت قۆناغی فیر كردن، چونكە كار ئەكرێت بۆ فێر كردنی تۆرەكە بە زانیاری مەبەست.


لەیەری یەكەم پێی ئەوترێت Input layer بە مانای لەیەری داخل كردنی زانیاری، ولەیەری دووەم پێی ئەوترێتHidden Layer بە مانای لەیەری شاراوە، كە گۆرانكاریەكانی لە سەركێشەكان روو ئەدات. لە كاتێكدا لەیەری سێەم كۆتا گۆرانكاریەكان بە سەر كێشەكاندا جێگیر ئەبێت تیایدا.

ئەمانەی سەرەوە كاتێك كە بە دەست دەكرێت و كۆمەڵێ یاسای جۆراو جۆری بۆ تەرخان ئەكرێت ئەیكاتە كارێكی ئاڵۆز، بۆیە لێرەدا پرۆگرام دائەنرێت بۆ ئەم تەكنیكانە بە كۆمەڵی زمانی جیاوازی وەك Matlab ،Java ،C++، تەنانەت لە ماتلابدا كۆمەڵی كۆدی حازری بۆ دروست كراوە كە لەو بەرنامەدا بە tool box ئەناسرێت كە كار ئاسانی ئەكات بۆ ئەم جۆرە باسانە.

ئەمی سەرەوە باسمان كرد كورتەیكی كورت بوو لە باسی ANN !! كە بەشێكە لە بواری ژیرسای یان چیری دەست كرد كە لە تەماحی مرۆڤ دایە زیاتر برەوی پێبدا.

# نوسینی هاوكێشەی بیركاری لەناو ۆردی ٢٠٠٧

■ یەكێك لەو كێشانەی كە بەردەوام توشی مامۆستایانی بیركاری دەبوو لە نووسینەوەی پرسیار یان مەلزەمەی بیركاری نووسینی هاوكێشەكانە. پێشتر زۆر بەرنامە هەبوو لەگەڵ بەرنامەی ۆرد تێكەڵ دەكراو دەتوانرا هاوكێشەكانی پێ بنوسیت. بەڵام ئەم كێشەیە بە شێویەكی زۆر گونجاو چارەسەر كراوە لە بەرنامەی ۆردی ٢٠٠٧، ئەمە ئەنجام دەدرێت لە رێگای مینوی insert كە یەكێك لە هەڵبژاردەكانی Equation ە كە شێوازە جیاكانی هاوكێشەی تێدا نووسراوە. دەكرێت بە كاری بهێنی بە كلیك كردن لە سەری و ئینجا دەتوانی یەكەیەكەی پیتەكان یان هێماكان بگۆڕیت.




بە كلیك كردن لە سەرهەریەكێك لەمانەی سەرەوە ئەو شێوە هاوكێشەیە دەردەكەوێت وئینجا دەتوانی بیگۆریت بە دڵی خۆت جگە لەوە تولێك لەسەرەوە پیشان دەدات هەموو جۆرەكانی ئامانج و تەكامل و بەشەكانی تری بیركاری تێدایەو بە ئاسانی دەتوانیت بەكاریان بهێنیت و پرسیارەكانتی پێ بنوسیت.

www.c4kurd.com

# تێگەیشتن لەتۆڕی کۆمپیوتەر و گواستنەوەی زانیارییەکان

## Information Transformation

هەردەوان نەقشبەندی

■ کاتێک مرۆڤ قسە دەکات ئەوا زانیارییەکانی ناومێشکی بۆ دەوروبەر دەگوازێتەوە، ئەوەشی کە گوێی لێدەگرێت زانیارییەکانی بۆ دەگوازرێتەوە، هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ هاتووەتە بوون بەر لە یەک ملیۆن ساڵ ئاخاوتنی بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە، بەڵام ئەگەر ئەو مرۆڤانە لەیەکتر دووربونایە ئەوا ناتوانن بە ئاخاوتن زانیاری لەنێوانیاندا بگوازنەوە چونکە وەک هەموومان دەزانین دەنگ تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بڕدەکات، لەبەر ئەوە مرۆڤەکان ناچاربوون پەنا بەرن بۆ کەلوپەل و هۆکاری دی بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان. لەکۆندا مرۆڤ نیشانەی وەکو ئاگرکردنەوەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی زانیاری (وەکو هەواڵ) بنێرت بۆ ماوەیەکی دوور بەمەرجێک لەیەکتر دیاربن، بەر لە 7000 ساڵ مرۆڤ نووسینی داهێناو بەناردنی سوار یان بەهۆی باڵندە زانیاری دەگواستەوە بەڵام ئەم ڕێگایانە تەنها بۆ گواستنەوەی زانیاری کەم بەکەڵک دێن، لەبەرئەوە مرۆڤ بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ڕێگای (خێراتر و زانیاری زۆرتر و بەمتمانەتر) بدۆزێتەوە، لەئەنجامدا لە ساڵی 1844 تەلەگرافیان داهێناو دواتر لە ساڵی 1876 تەلەفۆنیشیان داهێنا و پاشتریش لە ساڵی 1895 ڕادیۆیشیان داهێنا و پاشانیش لە ساڵی 1929 تەلەفزیۆنیشیان داهێنا.

ئەم ئامێرانەی کە باسمان کرد زانیاری دەگۆڕن بۆ سیگناڵی کارەبایی و پاشان دەیگوازنەوە و پاشانیش سەر لەنوێ سیگناڵەکە دەگۆڕنەوە بۆ زانیاری. سیگناڵی کارەباش دوو جۆری هەیە (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ) هەر سیستمێک بەپێی ئەو جۆرە سیگناڵەی بەکاری دێنێت پۆلێن دەکرێت، بۆ نمونە کەناڵە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان هەندێکیان وێنەکان دەگۆڕن بۆ سیگناڵی ئەنەلۆگ و هەندێکیشیان بۆ دیجیتاڵ پاشان بە هۆی سەتەلایتەوە دەینێرن بۆ ماوەی زۆر دوور بۆیە بە هەندێکیان دەوترێ دیجیتاڵ و بەهەندێکیشیان دەوترێت ئەنەلۆگ.

نوێترین ڕێگای گواستنەوەی زانیاری (تۆڕی کۆمپیوتەرە). تۆڕی کۆمپیوتەر سیگناڵی دیجیتاڵ بەکاردەبات . ئێستا تۆڕی کۆمپیوتەر بۆ گواستنەوەی هەموو جۆرەکانی زانیاری هەر لەنووسین و وێنەو دەنگ و ڤیدیۆ بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوەی تۆڕی کۆمپیوتەر بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە و تواناو خێرایی و چوستی و متمانەی گەلێک زۆرە و نرخی بەکارهێنانی کەمەو لەبەردەستی هەموو کەسێکدایە، هەر بۆیە مرۆڤەکان دەڵێن تۆڕی کۆمپیوتەر دونیای کردوەتە گوندێکی گەورە (Global Village)، ئەو قسەیەی کە بۆ یەکەمجار (مارشاڵ ماک لۆهان) لە ساڵی 1967 کردی و ئێستا سەرانسەری جیهان لاسای دەکەنەوە.

<u>تۆڕی کۆمپیوتەر Computer Network</u>

تۆڕی کۆمپیوتەر لە پێکەوە بەستنی دوو کۆمپیوتەر یان زیاتر پێکدێت، جا پێکەوە بەستنەکە بەهەر شێوەیەک بێت، بۆ نمونە بەهۆی کێبڵ یان بەهۆی سەحنی بەرامبەر یەک یان بەهۆی سەتەلایت یان بەبێ وایەر. تۆڕی کۆمپیوتەر زۆر جۆری هەیە، ئەم جۆرانەش پەیوەندیان هەیە بەڕووبەری ئەو شوێنەی کۆمپیوتەرەکانی تێدا دانراوە و جۆری پێکەوە بەستنی کۆمپیوتەرەکان دیاری دەکات. بە پێی ڕووبەری ئەو شوێنەی کۆمپیوتەرەکانی تێدا دانراوە تۆڕی کۆمپیوتەر بە سەر سێ جۆر پۆلێن دەکرێت، کە ئەمانەن:

1. تۆڕی لان- LAN (Local Area Network): تۆڕی لان ئەو تۆڕەیە کە کۆمپیوتەرەکانی لەڕووبەرێکی تەسک دانراون لە ڕێگەی HUB یاخود Switch پێکەوەبەستراون، بۆ نمونە لە فەرمانگەیەک یان قوتابخانەیەک یان زانکۆیەک یان بینایەک یان سەنتەرێکی ئینتەرنێت، ڕووبەری نمونەیی بۆ ئەم جۆرە تۆڕانە یەک کیلۆمەترە.

2. تۆڕی مان- MAN (Metropolitan Area Network): تۆڕی مان ڕوبەرێکی فراوانتر لە تۆڕی لان دادەپۆشێت، بۆ نمونە شارێک، یان کۆمەڵە ئۆفیسێکی فەرمانگەیەک کە لە شارێک بڵاوبوونەتەوە، تۆڕی مان پێکەوە بەستنێکە لە پێکەوەگەیاندنی چەند تۆڕێکی لان پێکدێت.

3. تۆڕی وان- WAN (Wide Area Network): تۆڕی وان ڕوبەرێکی زۆر گەورە دادەپۆشێت، وەکو هەرێمێک یان وڵاتێک یان کیشوەرێک یان هەموو جیهان یان هەموو بونەوەر، پێکهاتەی ئەمجۆرە تۆڕە لە پێکەوەبەستنی چەند تۆڕێکی لان یاخود مان یان هەردوکیان پێکدێت، بۆ نمونە ئینتەرنێت جۆرێکە لە تۆڕی وان.

کاتێک بەکارهێنەر هەریەک لەم تۆڕانە بەکاردێنێت هەست بە جیاوازی ناکات، چونکە هەموو جۆرەکانی هەمان کاردەکەن، ئەویش هاوبەشکردنی زانیاری ناوەڕۆکی کۆمەڵێک کۆمپیوتەرە بۆ هەموو بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕە، هەر یەکەو لەسەر کۆمپیوتەری خۆی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆڕەکان لە پێکهاتەو شێوەی بەیەکەوەبەستنی کۆمپیوتەرەکان جیاوازن.

بۆیە لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە نێتۆرك دەبێت بە دوو بەشی سەرەکیەوە، ئەوانیش (کێبڵ و بێ کێبڵ«وایەرلێس»)

پێکهاتەکانی وا لەخوارەوە زیاتر ڕونکردنەوە دەدەین لەسەر پێکهاتەکانی نێتۆرك.

* <u>کێبڵ</u>

ئەگەر لە پێکەوە بەستنی تۆڕەکان کێبڵ بەکار بهێنین ئەوا پێویستە ئەم زانیارییانە لەسەر جۆرەکانی کێبڵ بزانین:

1- (TP cable) ئەمیش دەبێتە دوو جۆر: UTP.1 هەروەها STP.2، زانیاریەکان لەنێوان کۆمپیوتەرەکان دەگوازێتەوە بەشێوەی (سیگناڵی کارەبایی).

2- (Coaxial Cable) ئەمیش دەبێتە دوو جۆر: 1. thin net هەروەها 2. thick net، زانیاریەکان لەنێوان کۆمپیوتەرەکان دەگوازێتەوە بەشێوەی (سیگناڵی کارەبایی) ، بەڵام ئەم جۆرە کێبڵە زانیاریەکان بەشێوەیەکی خاوتر لە TP cable دەگوازێتەوە .

3-(Fiber optic cable): زانیاریەکان لەنێوان کۆمپیوتەرەکاندا دەگوازێتەوە بەشێوەی (ڕوناکی)، ئەم جۆرە کێبڵە زانیاریەکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەگوازێتەوە بۆ پانتاییەکی بەربڵاو.

* <u>وایەرلێس</u> wireless

1. تیشکی ژێر سور IrDA.
2. شەپۆڵی رادیۆ.

* <u>دابەشکەر</u>

1. Hub: پیشەی تەنها دابەشکردنە.
2. Repeater: پیشەی وەرگرتنی نیشانەیە و دووبارە بەهێزکردنەوەی و دواتر دابەشکردنە.
3. Bridge: هەمان پیشەکانی سەرەوە دەبینێت، بەڵام بە توانایەکی زیاتر .
4. Switch: هەمان پیشەکانی سەرەوە دەبینێت، بەڵام بە توانایەکی زۆر زیاتر.
5. Router هەمان پیشەکانی سەرەوە دەبینێت، بەڵام بە توانایەکی زیاتر، توانا، وردی، زیرەکی، دەشتوانێت شوێنی کۆمپیوتەرەکان کە پێوەی بەستراوە دیاری بکات .

شێوەی بەیەکەوە بەستنی کۆمپیوتەرەکان لە تۆڕی کۆمپیوتەر پێی دەوترێت تۆپۆلۆجیای تۆڕ (Network Topology) لەم ڕووەوە بەستنی تۆڕەکان دەکرێن بە سێ جۆرەوە واتە بە سێ ئۆپۆلۆجیاوە:

1. جۆری ڕێڕەوی ڕاست (Linear Bus Type): لەم تۆپۆلۆجیایە کێبڵێکی ڕاست و ڕێک درێژ دەکرێتەوە و هەردوو سەری بە دوو فیشەی تایبەتی دادەخرێت. کۆمپیوتەرەکان هەریەکەو لەڕاستی خۆی لەگەڵ ئەم کێبڵە دەبەسترێت.

2. جۆری ئەستێرەیی (Star Type): لەم تۆپۆلۆجیایە دەزگایەک لە سەنتەری تۆڕەکە دادەنرێت کە پێی دەوترێت هەب (Hub)، هەموو کۆمپیوتەر و دەزگاکانی دی لەڕێگای ئەم هەبەوە لەگەڵ یەک دەبەسترێن.

3. جۆری درەختی (Tree Type): لەم تۆپۆلۆجیایە هەردوو جۆری ڕێڕەوی ڕاست و ئەستێرەیی تێکەڵ دەکرێت کۆمەڵێک تۆڕی ئەستێرەیی بەشێوەیەکی ڕێڕەوی ڕاست بەیەکەوە دبەسترێن.

هەر یەکە لەوجۆرە تۆپۆلۆجیایانەی کە لەسەرەوە باسمکرد تایبەتمەندی باشەو خراپەی خۆی هەیە، هەیانە کێبڵی کەم پێویستە و تێچوونی کەمە، هەشیانە دامەزراندن وکارپێکردن و چاککردنەوەی ئاسانە، هەروەها هەشیانە بۆ هەندێک جێگا دەشێت کە ئەوانەی تری بۆی ناشێن. بەمشێوەیە ئەندازیاری تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بڕیار دەدات کە کام تۆڕ بۆ کام شوێن و بۆ کام کات دابمەزرێنێت.

<u>سوودەکانی تۆڕی کۆمپیوتەر</u>

1. گواستنەوەی فایل و داتاو زانیارییەکان لەنێوان کۆمپیوتەرەکان بەبێ ئەوەی پێویستت بە فلۆپی و سی دی و فلاش و....هتد ببێت.
2. سوودوەرگرتن لەو زانیاریانەی کە لە هەریەکێک لە کۆمپیوتەرەکان سەیڤکراوە لەلایەن کۆمپیوتەرەکانی دی لەیەک کاتدا.
3. بەکارهێنانی پرۆگرامە مەرکەزییەکان لەلایەن کۆمەڵێک بەکارهێنەرەوە، بۆ ئەوەی هەمان زانیاری لەبەردەست هەمووان‌دا بێت.
4. بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی کە لەگەڵ یەک کۆمپیوتەر بەستراون لەلایەن کۆمپیوتەرەکانی دی وەکو پرێنتەر و سکانەرو ...هتد.
5. ناردنی ئیمەیڵ و گفتوگۆی دەنگی (Chat)و بەستنی کۆنفرانسی ڤیدیۆیی.

---




# ژووره کوردیەکانی پالتۆك

■ ئـەوەی ئەمجارە دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین (ماسینجەری پاڵتاك)ە، کە شێوازێکی ئەکتیڤ و ئاسانە لە ماسینجەر و دەتوانین بە یەکێك لە بەرنامە گرنگەکانی چاتکردنی دابنێین، بواری بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە فراوان و گونجاوە بۆ زۆربەی کارەکان، لە پاڵتاکدا بەکارهێنەر دەتوانێت بە ئاسانی ببێتە خاوەنی ژورێك و ناوێکی تایبەت بۆ ژوورەکەی دابنێ، لەهەمان کاتیشدا خۆی سەرپەرشتی ژوورەکەی دەکات و گفتوگۆی میوانەکانی ڕێك دەخات، لەو ژورەدا سەرپەرشتیار دەتوانێت هەر بابەتێك بیەوێت بیکاتە بابەتی ئەو ڕۆژەی ژورەکەی و ئامادەبووانیش گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لەسەر بابەتەکە بکەن. کەسانی دیکەش بە ئاسانی دەتوانن بچنە ناو ژورەکان و قسە لەسەر بابەتەکە بکەن. ئەوەی ئەم بەرنامەیە لە بەرنامەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئاسانی بەکارهێنانی و شێوازی گونجاوی سەرپەرشتی کردنی ژورەکانە، کە توانای زۆر دەدات بە سەرپەرشتیار بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو کارەکانی ناو ژورەکەی و یارمەتیدەریشە بۆ میوانەکانی تا بە ئاسانی بەشداری لە گفتوگۆکان بکەن.

لە ژورەکانی پاڵتاکدا ڕۆژانە چەندین بابەتی گرنگ دەوروژێنرێت و سیمیناری فراوان ساز دەکرێت، هەندێك لەمانە چەند ڕۆژێك پێش ئەنجامدانی لە سایتەکان و بڵاوکراوەکاندا ریکلامی بۆ دەکرێت و خەڵکی لێ ئاگادار دەکرێتەوە تا زۆرترین کەس بەشداری لە کۆڕو سیمینارەکان بکەن. ئەوەی شایانی وتنە بەکارهێنەرانی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان تا ڕاددەیەکی زۆر توانیویانە سوود لەم خزمەتگوزاریە وەربگرن و ڕۆژانە چەندین بابەتی گرنگ و هەستیار لە ژووره کوردیەکاندا قسە و باسی لەسەر دەکرێت و بە شێوازێکی ئازاد و دوور لە سانسۆر گفتوگۆکان ئەنجام دەدرێن. بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە بەکارهێنانی دوور بێت لە کەموکورتی، بەڵکو وەك هەر خزمەتگوزارییەکی تر کەسانێك هەن کە بە شێوازێکی ناشارستانی بەکاری دەهێنن. ئەوەتا هەر لە یەکەم چوونە ناو گروپی ژووره کوردییەکان ناوی چەند ژوورێك سەرنجت ڕادەکێشن کە خاوەنەکانی کۆمەڵە ناوێکی نەشیاویان بۆ ژورەکەیان هەڵبژاردووە، یان ناونیشانی ژورەکەیان ئاماژەیە بۆ سوکایەتی کردن بە کەسانی تر. پاشانیش کاتێك دەچیتە ناو ئەو ژورانە ئەوا گوێبیستی وشەی وا دەبیت کە هەرگیز کەسێك ناتوانێت ڕووبەڕوو ئەو وشانە بە بەرامبەرەکەی بڵێت یان لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بەکاری بهێنێت. بۆیە جێگای سەرسوڕمانە لەکاتێکدا کە سانسۆر لە زۆربەی جێگاکان ناهێڵێت بە ویستی خۆمان قسە بکەین، بەڵام لەم جێگایەدا کە ئازادی ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و دەتوانین سوود لەم بەرنامەیە وەربگرین بۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لەسەر کێشە زۆر و زەوەندەکانمان، یان هەر نەبێت بۆ گوێگرتن لە دەنگە ڕەسەنەکان و ئاوازە کوردیە بە سۆزەکان، کەچی سەرپەرشتیار و بەکارهێنەران ڕێگا بە خۆیان دەدەن لە هەندێك لەو ژووره کوردیانەدا ئەو جۆرە قسەو گفتوگۆیانە بکرێت.

qaradakhi@gmail.com


---

# چۆن لەڕێگای کیبۆردەوە بەرنامەیەکی دیاری کراو بکەینەوە


کاروان ئەسعەد عەبدوڵا
karwanasad2@yahoo.com

■ وەکو دەزانین بۆ کردنەوەی بەرنامەیەك کە شۆرت کەتەکەی لە سەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەمان بێت تەنها بە دەبڵ کلیك کارەکەمان دەکرێت. یاخود دەچینە بەشی بەرنامەکان و لەوێ کلیکی لەسەر دەکەین و دەیکەینەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت بەرنامەیەك بەهۆی کیبۆردەکەمانەوە بکەینەوە کە ئاسانترە ئەوە ئەم ڕێگایەی خوارەوە دەگرینە بەر. بۆکردنەوەی ئەو بەرنامەیەی کە مەبەستمانە دەچینە شوێنی دیاری کراو کە ئەو بەرنامەی لێیە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکەین (بۆنمونە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ لە ڕێگای کیبۆردەوە بەرنامەی (Microsoft Word) یا هەر بەرنامەیەکی تر کەمەبەستمان بێت) بکەینەوە. سەرەتا بچۆرە سەر Start >All Programs> Microsoft Office >Microsoft Office Word 2003


لەسەر مایکرۆسۆفت ۆرد کلیکی ڕاست دەکەین و ئەوکات properties هەڵدەبژێرین وەکو چۆن لەو وێنەی یەکەمدا دیارە.




دوای ئەو کردارە ئەو روکارەی ئەوبەرمان بۆ دەردەکەوێت کە تێدا ئێمە ئیشمان بە خانەی (Shortcut key) نوسراوە (None) لەو خانەدا ووشەیەکی کورت کراوە بۆ (Word) دادەنێین بۆنمونە لەو خانەدا




دەنوسین (W) ئۆتۆماتیکی بەم شێوە خۆی نیشان دەدات (Ctrl + Alt + w) وەکو




چۆن لە وێنەی سێهەم دیار کەوتوە. پاشان (Ok) دەکەین

بەڵام لێرەدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە کۆنترۆڵ و ئەڵت و دەبلیو کورت کراوەی کارێکی تری ویندۆز نەبێت، چونکە ئەو کاتە لە نێوان ئەو دووکارە لێت تێك دەدات. بۆیە هەوڵ بدە ئەو پیتانە بەکار بهێنە کە پێشتر لە ویندۆزدا بەکارهێنانی نیەو کورت نەکراوەتەوە.

دوای بەجێ گەیاندنی ئەم هەنگاوانەی کە باسمان کرد جێبەجێکردنیان هەنگاو بە هەنگاو. لەسەر تەختەی کلیلەکەمان واتە کیبۆردەکەمان (Ctrl + Alt + w) دادەگرین دەبینین بەرنامەی ۆرد دەکرێتەوەو ئەو چەند هەنگاوەت بۆ کورت دەکاتەوە کە دەیکەین بۆ کردنەوەی بەرنامەی ۆرد.

<u>تێبینی :</u>

بۆ بەرنامەکانی تریش گەر مەبەستمان بێت هەمان هەنگاو ڕەچاو دەکەین و دەتوانین بەو شێوەیە بیان کەینەوە.

www.c4kurd.com

# چۆنیەتی بەکارهێنانی چاتی یاهوو

■ زۆرێکمان ئیمەیڵمان هەیە لە کۆمپانیای یاهوو بۆ ناردنی ئیمەیڵ و نامە بۆ کەس و هاوڕێ و خزمەکانمان، زۆر جاریش دەبینین کەسانێك بە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسێکدا بە نوسین یاخود بە دەنگ و هەندێك جاریش بە وێنەشەوە لەگەڵ یەکتر چات و گفتوگۆ دەکەن. هەندێك جاریش لە نێو هەمان بەرنامەی چات کردن کە پێی دەترێت یاهوو ماسنجەر دەتوانیت بەشوێن ژوورەکاندا بگەڕێیت کە هەر ژورێك چەندان بەشی لێ دەبێتەوە و هەر بەشێك سەدان کەسی تێدایەو بە شوێن کەسی تردا دەگەڕێن چاتی لەگەڵ بکەن. با ئێمە بزانین چۆن ئەم چاتە بەکاردەهێنین و لە دوایشدا چۆن دەتوانین لە ژوورەکاندا هاوڕێ بۆ خۆمان بدۆزینەوە.

سەرەتا تۆ پێویستت بە بەرنامەی یاهو ماسنجەرە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت لە سایتی سی فۆر کوردەوە داونلۆدی بکەیت بەم لینکەی خوارەوە:
www.c4kurd.com/c4kurd/usefulpro/ya.exe

بەڵام ئەگەر لە ناو کۆمپیوترەکەت یاهوو ماسنجەر هەبوو ئەوە پیویست ناکات ئەم هەنگاوە بکەیت و ڕاستەوخۆ دەتوانیت کاری پێ بکەیت. ئەگەریش نەت بوو ئەوا لەو لینکەی سەرەوە داونلۆدی بکەو دوای ئەویش سێت ئەپی بکە. دوای سەیر دەکەیت بەرنامەکە لە لیستی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەکەت زیاد بوە. دوای کردنەوەی یاهوو ماسنجەرەکەت ئەم روکارەی یەکەمت بۆ دەردەکەوێت:




دوای ئەوە لە شوێنی یوسەر نەیم ناوی ئیمەیڵەکەت بنوسە. ئەوە بزانە دەبێت تۆ ئیمەیڵی یاهوت هەبێت ئەگەر نازانیت چۆن ئیمەیڵ دروست دەکەیت ئەوە لە ژمارەکانی رابردووی سی فۆر کورد بە درێژی باسی چۆنیەتی دروستکردنی ئیمەیڵمان کردوە لە کۆمپانیای یاهوو.

لێرەدا ئاگادار بە تەنها دەبێت ناوی ئیمەیڵەکەت بنوسیت و پێویست ناکات هەموو بە تەواوی بنوسیت. بۆ نمونە ئەگەر ئیمەیڵەکەت c4kurd@yahoo.com بێت ئەوا دەبێت تەنها بنوسیت C4kurd و لە شوێنی پاسۆردەکە ئەو پاسۆردەی کە ئیمەیڵی پێ دەکەیتەوە بنوسە.


جگە لەوە دەتوانیت ئەو سێ بەشەی خوارەوە دەستنیشان بکەیت و هەریەکەیان کارێکی تایبەتی هەیە. یەکەمیان بۆ ئەوەی ناوو پاسۆردەکەت سەیڤ بێت و هەموو کات نەینوسیتەوە. دوهەمیان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیشکردنی ویندۆز یەکسەر بکرێتەوە. سێهەمیشیان بۆ ئەوەیە کە بە شاراوەیی بچیتە ژوورەوەو کەسی تر نەزانیت تۆ لەسەر هێڵی. دوای ئەم کارە کلیك لەسەر Sign In بکەو ماوەیەکی کەم چاوەڕێ بکە و سەیر دەکەیت دەچیتە ناو پرۆگرامی یاهوو ماسنجەرەکەت.

وەکو چۆن لەم روکارەی خوارەوەدا دیارە..





لێرەدا پێویستە ئێمە چەند کردارێك بکەیت بۆ ئەوەی بتوانین کەسانێك زیاد بکەین بۆ یاهوو ماسنجەرەکەمان تاکو بتوانین گفتوگۆو چاتی لەگەڵ بکەین.


بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگا هەیە. یەکەم ئەو کەسانەی کە ئیمەیڵەکانیان دەزانین و بە دەست زیادی دەکەین. بۆ ئەمەش ئەم ڕێگایە دەگرینە بەر: لەو وێنەیەی دوهەم کلیك لەسەر ئەو شوێنە بکە کە دەستنیشانمان کردوەو ئەم روکارەت بۆ دەردەچێت:




لێرەدا وەکو دیارە بۆ نمونە ئیمەیڵی کەسێك زیاد دەکەین بە ناوی کارزان و دوای ئەوەی ئیمەیڵەکەمان زیاد کرد کلیك لەسەر Next دەکەین و روکارێکی ترمان بۆ دەردەکەوێت و بە هەمان شێوە کلیك لەسەر Next و پاش ماوەیەك دەڵێت ئیمەیڵی نەفەرەکە زیاد بوە. لێرەدا چەند ئیمەیڵی یاهووی برادەرەکانت هەبوو دەتوانیت هەمووی زیاد بکەیت و دوای ئەوەی ئەوانیش رازی بوون لەسەری ئەوکات هەر کاتێك ئەوان هاتنە سەر خەت لە ساهوو ماسنجەر ئەوە تۆ هەستیان پێ دەکەیت و دەتوانیت قسەیان لەگەڵ بکەیت جا چ بە نوسین بێت یان بە دەنگ یان بە وێنەشەوە. یاخود دەتوانیت فایل و وێنە ئاڵوگۆڕ بکەن. بۆ ئەم مەبستە ئەگەر ئەو کەسەی لەسەر خەت بێت ئەوا وێنەی دەمو چاوەکە زەرد دەبێت ئەوانی تریش هەر بە ڕەساسی دەمێننەوە. وەکو لەم وێنەیەدا دیارە:




سەیر دەکەین یەکێکیان نوسینەکەی تۆخترەو دەموچاوەکەش زەردە. بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو کەسە بکەین کە لەسەر خەتە ئەوە دەبڵ کلیك لەسەر ناوەکەی بکەو دەتوانیت قسەی خۆتی لەگەڵ بکەیت و ئەویش وەکو لەم وێنەیەدا دیارە و




دوای ئەوە کلیك لەسەر Send دەکەین و نوسینەکە دەچێت بۆ کەسەکەی تر..

لە ژمارەکەی تر باسی ئەوە دەکەین چۆن دەچیتە ناو ژوورەوەکانەوە و چۆن بە دەنگ وێنە کار دەکەین.



# پرسیـــارو وەڵام

■ پرسیاری سلڤانا جەبار :

**1- چەند هەوڵ دەدەم ناتوانم بە هۆی سیدی تەعریفی مەزەربۆردەکەوە تەعریفی شاشەی کۆمپیوتەرەکەم بکەم! ئایا دەتوانم بەهۆی سیدی جۆکەرەوە تەعریفەکەی بکەم؟**

سەرەتا پێویستە بزانرێت مەزەربۆدەکەت لە چ جۆرێکە و ئایا پێشتر بە هەمان سیدی تەعریفی شاشەت کردوە یان ئەوە یەکەمجارە؟ چونکە ئەگەر پێشتر بە هەمان سیدی تەعریفت کردبێت ئەوە کێشەت لە ویندۆزەکەیە یان سیدیەکەیە، ئەگەریش یەکەمجارە تەعریف دەکەیت بەو سیدیە ئەوە رەنگە ئەو سیدیە بە هەڵە هاتبێت و تەعریفی شاشەی ئەو مەزەربۆردە نەبێت. بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە تۆ تەعریفی بکەیت و ئەگەریش جۆکەر کردی ئەوە بیکەت ئاساییە بەڵام چەند بۆت دەکرێت بە تەعریفی خۆی بیکە. شتێکی تریش هەیە کە پێویستە بزانرێت ئەوەیە ئایا ئەو شاشەیە بیلت ئینە یان بیلت ئاوتە؟ ئەگەر بیلت ئاوت بێت ئەوە دەبێت سیدی تایبەتی خۆی هەبێت و جیاوازە لە هی مەزەربۆرد.

پرسیاری یوسف رزگار:

**2- ئایا شێ و نسرمی ژوور کاریگەری هەیە لەسەر کۆمپیوتەر؟**

بەڵێ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تێکچونی کۆمپیوتەر بەتایبەت رام و مەزربۆردەکەی. زۆرجار کە کۆمپیوتەریك لە ژورێکی شێداردا دەبێت ئەوە کە ماوەیەك کۆمپیوتەرەکەمان ئیش پێ نەکەین ئەوا لەکاتی ئیشکردنی کۆمپیوتەرەکە دەنگێکی توت توت ی لێ دێت، زۆرجار ئەوە لە ئەنجامی شێدار بونی رامی کۆمپیوتەرەکەتەوە دروست دەبێت. بۆیە هەتا دەکرێت کۆمپیوتەرەکەت با لە ژورێك نەبێت کە شێدار بێت و هەول بدە زوو زوو کاری پێ بکە.

**3- کاتێك دەچمە بازارو داوای سیدی یاری دەکەم پێم دەڵێن کۆمپیوتەرەکەت کارتی شاشەی چەند؟ مەبەست لەمە چیەو چۆن بزانم کارتی شاشەی کۆمپیوتەرەکەم چەندە؟**

کارتی شاشە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆمپیوتەرێك بتەوێت یاری پی بکەیت. بۆ ئەم مەبەستە یەکەم شت کە دوکانەکانی سیدی فرۆشتن لێت دەکەن ئەوەیە کە بزانن کارتی شاشەکەت چەندە.

بۆ ئەوەی بزانیت کارتی شاشەکەت قەبارەکەی چەندە رایت کلیك لەسەر دیسك تۆپ بکەو و Properties هەڵبژێرەو ئەوکات Settings هەلبژێرەو لەوێشەوە کلیك بکە لەسەر Advanced لەویشەوە کلیك لەسەر Adapter بکە و سەیر دەکەیت زانیاری لەسەر کارتی شاشەکەتی تێدایەو یەکێك لەوانە نوسراوە Memory Size کە بە مانای قەبارەی کارتی شاشەکەت دێت و نوسراوە ئەوەندە میگا بایتە.

**4- چۆن دەتوانم خێرایی نوسینم لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکە زیاد بێت؟ ئایا ئاسانە وام لێ بێت سەیری کیبۆرد نەکەم بتوانم بە خێرایی بنوسم؟**

وەڵام: پێش هەموو شتیك نوسینی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر خێرایی نوسینت زیاد دەکات، بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە سەیری کیبۆرد نەکەیت. بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی تایبەتی دروست کراوە کە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش بەکاردێت.

باشترین بەرنامە ناوی (ماڤیس) ە کە زۆر بە خێرایی دەتوانیت وات لێ بێت سەیری کیبۆرد نەکەیت و بە خێرایی بنوسیت. بەڵام پێویستە سەبرت لەسەری هەبێت و بە جوانی لەگەڵی بڕۆیت.

ئەوکات بە ماوەی هەفتەیەك وات لێ دێت سەیری کیبۆرد ناکەیت و زۆر بە ئاسانی دەتوانیت بنوسیت.

# چۆن وێنەی شاشەی کۆمپیوتەر لە لاپەڕەی وۆرد دا دادەنێیت؟


■ هەر کەسێك کە کاریان نووسینی ئەو بابەتانەیە کە پێویست دەکات چەند وێنەیەکی تێدابێت کە لە سەر کۆمپیوتەر دەردەکەوێت پێویستی بەوە هەیە کە فرمانی print screen بە کاربهێنێت کە ئەمەش یەکێکە لە کلیلەکانی سەر کیبۆرد کە لە لاپتۆپیشدا بە شێوەیەکی گشتی بە ڕەنگی جیاواز نووسراوە لە سەر یەکێك لە دوگمەکان وەك هێمایەك بۆ ئەوەی کە ئەم کارە پێویستی بە داگرتنی دوگمەی fn لە گەڵیدا واتا چۆن ئەگەر تۆ بتەوێت پیتی ئینگلیزی گەورە دەربچێت پیویست دەکات لە سەرت کە shift دابگریت لە گەڵ دەگمەی کلیلی پیتی پێویستدا بەهەمان شێوەش لێردا پێویستە fn دابگریت و ئینجا دوگمەی print screen ئەو وێنانەی کە ئێمە مەبەستمانە دەربکەوێت وەك ئەمەی خوارەوەیە:



ڕێگای دروست کردنی وێنەی لەم شێوەیە بریتیە لە چوونە ناو ئەو ویندویەی کە ئەتەوێت وێنەکەی بگریت لەویشەوە وەك باسمان کرد دوگمەی print screen لە سەر کیبۆرد دابگریت یان fn+print screen لە لاپتۆپدا، ئەم دوگمەیە وەك کاری copy وایە کەواتە تۆ ئێستا تەنها ئەوەت لە سەرە فرمانی paste بە کار بهێنی بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێك کە دەتەوێت ئەو وێنەیە دابنرێت.

زۆر جار کرداری paste لە ناو بەرنامەی paint یاخود photoshoop بە کار دێت ئەمەش بۆ ئەوەی زیاتر لەوێ بتوانی دەستکاری بکەیت بەو قەبارەیەی کە خۆت دەتەوێت دەربکەوێت و یان بەشێك لە شاشەکە کە وێنەت گرتووە دەر بکەوێت.

هەروەها دەتوانرێت لە ناو هەر بەنامەیەکی کە




دەستکاری وێنەی پێ دەکرێت لە سەر ئەو وێنەیەی بنوسیت، وەك لە لای خوارەوە دەبینین.

دەشتوانرێت هەر لە ناو بەرنامەی وۆردا Paste بکەیت لەوێ هەموو شاشەکەت بۆ دەردەکەوێت. و بەکاری بهێنیت بۆ ئەو کارەی کە دەتەوێت.

# بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەبێ ماوس

زۆرجار کە ماوسەکەمان کێشەی هەیە ناتونیت بە ئاسانی کار بە کیبۆرد بکەین بۆ کردنەوەی سایت. ئەم کورتکراوانە وامان لێ دەکات زۆر بە ئاسانی ئەم کارە بکەین:

F11 بۆ فول شاشە کردن.

ctrl+R بۆ ریفریش کردنی سایت.

CTRL+O کردنەوەی سایتی تازە.

CTRL+N بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە.

ALT+D دەستنیشان کردنی ئەدرێسی سایتەکە.

F4 دەرکەوتنی ئەو سایتانەی کە کردومانەتەوە پیشتر.

CTRL+D زیادکردنی سایتێك بۆ فاڤۆریت.

CTRL+H بۆ کردنەوەی ئەو سایتانەی لە هیستۆری سەیڤ بوە.

CTRL+I بۆ کردنەوەی فاڤۆریتس.

CTRL+S بۆ سەڤ کردنی ئەو لاپەڕەیەی ئینتەرنێت کە کردومانەتەوە.

HOME بۆ سەرەتای لاپەڕەکە.

END بۆ کۆتایی لاپەڕەکە.

CTRL+ENTER بۆ نوسینی سایتیك کە بە Com کۆتایی هات بێت. واتە بەس بە نوسینی ناوی سایتەکە خۆی www و com دەنوسێت.



سی فۆر کورد
هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە
بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و ڕەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:
شێخ فاتح ئیبراهیم

جێگری سەرنوسەر:
هەردەوان نەقشبەندی
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

سەرنوسەر:
هێمن فاتح
مۆبایل: 07504562693 – 07702124447
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
حازم حەمەد جاف
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

www.c4kurd.com

## ماستەرنامەیەك لە (ئایتی) دا

رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٨/١/١٦ لە شاری بەغداد، تاووتوێی نامەی ماستەری قوتابی (نەجات حەسەن عەبدولکەریم) کرا، کە لە ژێر ناوی (The Use of Genetic Algorithm in the Cryptanalysis of the Polyalphabetic Substitution Cipher) بوو،



لیژنەی تاوتووێ کردن بریتی بوون لە:
١- پ.د. تالب عەبد زەید ئەلشەریفی / سەرۆکی لیژنە.
٢- پ.د. جین جەلیل ستیفان / ئەندام.
٣- د. فەوزی عەبدولواحد عەلی ئەلعەزاز / ئەندام.
٤- د. سالم عەلی عەباس ئەلعەجیلی/ ئەندام و سەرپەرشتیار.

ئەمە و پاش تاوتوێکردن لیژنەکە بڕیاریدا نامەکە بە پلەی (نایاب) وەربگرێت.

ئەوەی شایانی باسە قوتابی ناوبراو نووسەری گۆشەی (ئینتەر) ی هەفتەنامەکەمانە، بەم بۆنەیەوە بەناوی ستافی بەڕێوەبردن و نووسەرانەوە پیرۆزبایی لە بەڕێزیان دەکەین و نووخشەش بێت لە دکتۆرا.

## فرۆشتنی مۆبایلی iPhone گەیشتە ٤ ملیۆن

دوای ئەو سەرکەوتنەی مۆبایلی ئای فۆن بە دەستی هێنا هەر لەیەکەم دەرچونیەوە. وێتەبێژێك بە ناوی کۆمپانیای ئەپڵەوە کە دروستکەری ئەم جۆرە مۆبایلەیە رای گەیاند کە لەسەرەتای ئەم ساڵدا ژمارەی فرۆشتنی مۆبایلی جۆری ئای فۆن گەیشتە چوار ملیۆن مۆبایل.

بەم شێوەیەش بە پیی ئامارێکی فەرمی زیاتر لە سەدا 19 ی بازاری فرۆشتنی مۆبایلی داگیر کردوە لەو ماوە کەمەی کە بڵاو بۆتەوە. جگە لەوەی تا ئێستا تەنها لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو فەرنساو بەریتانیا ئەڵمانیا بڵاو بۆتەوە.

ئەوەی ماوە بیزانین کە ئای فۆن لە یەك کاتدا لێدەری مۆسیقاو



گۆرانیەو لە هەمان کاتیشدا مۆبایلەو ئینتەرنێتیش بە ئاسانی وەردەگرێت. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کیبۆردی نیەو هەموو شاشەکەی بە لەمس کار دەکات.

## بەهۆی داخستنی کارگەکانی لە ئەڵمانیا نۆکیا ڕوبەروی ڕەخنەو گازاندەیەکی زۆر دەبێتەوە

پەرلەمانی ئەڵمانیا گازاندە و ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستەی کۆمپانیای نۆکیای فلەندی کرد کە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئامێرەکانی مۆبایلە لە جیهاندا بەهۆی داخستنی کارگەکانی لە شاری (بوخوم)ی ئەڵمانی و دەرکردنی ٢٣٠٠ کارمەند لە کارگەکانی. نۆکیاش لە لایەن خۆیەوە ئەوەی راگەیاند هەوڵ دەدات لە شوێنێك کۆمپانیاکەی بنیات بنێت کە تێچونی کەمتر بێت لەو شارەی پێشوو.

## کۆمپیوتەرێك توانای وەرگێڕانی وەڕینی سەگی هەیە

زاناکانی بواری ئایتی جۆرە کۆمپیوتەرێکیان بەرهەمهێناوە کە توانای وەرگێڕانی هەموو ئەو شتانەی هەیە کە سەگ دەیەوێت پێمان بڵێت لەڕێگەی ئەو دەنگە جیاوازانەی کە لەسەگەوە دێت لە حاڵەتی وەڕین و حاڵە ڕۆمانسیەکاندا.

ئەمە و هەواڵەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەم پرۆگرامە نوێیە توانای جیاکردنەوەی هەستی ١٤ جۆری هەیە لەو سەگانەی کە لە جۆری (مودی مەجریەن).

لەگەڵ ئەوەشدا زاناکان دانیان بەوەدانا کە ئەم پرۆگرامە نوێیە لەسەر مرۆڤ زۆر سەرکەوتوو نابێت، هەرچەند پرۆگرامەکە توانای هەیە ٦٠٪ ئەو دەنگانە بناسێتەوە کە لە سەگەوە دێت، بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ ناسینەوەی هەستەکان لەمرۆڤدا تەنها ٤٠٪.

جێی ئاماژە بۆ کردنە یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان ئەوەشی بۆ بی بی سی ڕونکردەوە «کە زاناکان کار بۆ ئەوەدەکەن لەداهاتوودا بتوانن ئەم پرۆگرامە برەو پێ بدەن بەجۆرێك کە توانای هەبێت لە دیاریکردنی هەر دەنگێك کە واتای چ مەبەستێك دەگەیەنێت»، هەروەها یەکێکی تر لە لێکۆڵەرەوان بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند کەوا بەکارهێنانی ئەم پرۆگرامە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەناڵێکی باش بۆ لەیەك گەیشتن لەنێوان سەگ و مرۆڤ.

## دوا کلیک

## پرۆگرامی خوێندنی کۆمپیوتەر لە مەکتەبەکاندا

**باوکی هێڤار**

دوای ئەوەی بومە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی دواناوەندی. دەستم کرد بە وانەکانی بیرکاری و دوای چەند رۆژێك داوایان لێ کردم وانەی کۆمپیوتەریش بڵێمەوە. وەکو دەڵێن خەنی بووم، وتم من ئەمەیانم حەز لێیە و خۆزگا هەموو وانەکانم هەر کۆمپیوتەر دەبوون.

دوای چەند جارێك داواکردنی کتێبی کۆمپیوتەر لە مامۆستاکان تاکو بزانم چیان بۆ باس بکەم و مەنهەجەکەیان چیە؟ باش بوو هی پۆلی پێنجەمی دواناوەندیم دەست کەوت. کتێبێکی جوان و رێك و ملەوەن بوو. سەیری بابەتەکانم کرد سەیر دەکەم باسی ئەکسس دەکات و یەکێك لە نوسەرەکانی کاك محمدی خۆمانە کە لە سی فۆر کوردیش بابەت دەنوسێت و دڵم خۆش بوو کە باسێکی خۆشە و دەتوانم بە ئاسانی لە تەلەبەکانی بگەیەنم.

بەڵام بێگومان هیچ شتێکی خۆش تا سەر نیە بۆیە بیرم کردوە کە یەکەمجاریش چومە ئەم قوتابخانەیە لە ژووری مودیریش کۆمپیوتەر نەبوو و مێزی کۆمپیوتەرەکە بەتاڵ بوو ئەی دەبێت موختەبەری کۆمپیوتەر لە کوێ بێت. بە هەرحاڵ بۆم دەرکەوت جگە لە لاپتۆپەکەی خۆم لە حەوشەی مەکتەب لە ناو سەیارەکەمە هیچ جۆرێکی کۆمپیوتەر لەم مەکتەبە دەست ناکەوێت.

لەگەڵ ئەوەش یەك دوو برادەر پێیان وتم کورە گوێ مەدەن خۆ کۆمپیوتەر دەرسێکی ئەساسی و گرنگ نیە ئیتر هەر بۆ خۆت شتێکیان بۆ باس بکە.

بەهەرحاڵ کاتی دەرس هات و چومە سەر پۆلێك و سەیر دەکەم هەندێکیان هەر کۆمپیوتەریان نەبینیوە و هەندێکیش حەزیان لێیە بەڵام لە کوێ بەکاری بهێنن کە لە ماڵ نیانە. بۆیە هەرچیم بیر کردەوە من باسی ئەکسسی چی بکەم؟!! مەجبورم پێیان بڵێم کاکە گیان واز لەو مەنهەجە بهێنە و با بۆخۆمان قسەی خۆش بکەین و بیکەینە پرسیارو وەڵام لەسەر کۆمپیوتەر. ئەمیش تا رادەیەك سەرکەوتوو نەبوو چونکە کابرا کۆمپیوتەری نەبینوە ئیتر پرسیاری چی بکات. خوا هەڵناگریت 35 دەقەی رێك قسەم کرد بێ وەستان لەسەر کۆمپیوتەر. دوای ئەوە تا ئێستا کە هەفتەیەکی بەسەرا چوە هەر دەنگم نوساوەو بە ئاسانی قسەم بۆ ناکرێت.

لێرەدا با هەڵوەستەیەك بکەین. یەکەم بۆ دەبێت دەرسە وشەکەکانی کیمیاو فیزیا و بیرکاری و کۆمەڵایەتی دەرسی ئەساسی بێت و مامۆستایان هەبێت بەڵام کۆمپیوتەر بەرێکردنی کات بێت و گوێی نەدەینێ. کە خۆی لە خۆیدا بە زانینی کۆمپیوتەر زۆر بە ئاسانی دەتوانیت زاڵ بیت بەسەر هەموو ئەو دەرسانەی تردا. چونکە زانینی کۆمپیوتەر دەرگایەکت بۆ واڵا دەکات کە زۆر بە ئاسانی و بە شێوەیەکی عەمەلی زانیاری لەسەر دەرسەکانی تر بزانیت و کۆ بکەیتەوە. بەڵام بە داخەوە ئێمە ئەم دەرگایەمان داخستوەو بە ئەساسی نازانین و تەنها دێین لە ژورێکی رەق و تەق باسی سین و صادێکی وشك و برینگ دەکەین.

بۆیە هەتا ئێمە دەرگاکانمان لەسەر ژووری کۆمپیوتەر داخرابێت و لە مەکتەبێکی گەورەو گران کۆمپیوتەرێك نەبێت ئەوە تەلەبەکانمان هەر دەبێت سەلمێنراوەکان لەبەر بکەن وەکو شیعرو تەنها و تەنها بۆ ئەوە بخوێنن لەو ئیمتحانەی کە بەیانی هەیانە دەربچن نەك فێری شتێك بن کە لە داهاتوی ژیانیاندا سودی لێ ببینن. سەد حەیف و بە ئومێدی ئەوەی شۆرشی بە ئەساسی بونی دەرسی کۆمپیوتەر روو بدات و منیش بتوانم باسی ئەکسسەکەی خۆم بکەم.

هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) ئامادەیە ریکلامەکانتان لە رووپەڕی لاپەڕەکانیدا بڵاوبکاتەوە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن
بەم ژمارە مۆبایلە: 07504664288 یاخود سەردانی ئەم لینکە بکەن: www.c4kurd.com/reklam.pdf

